Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.10

# میدیای دیجیتاڵی: گەورەکردنی ئەلگۆریتمیی وتاری ڕق و کاریگەریی لەسەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

**هێمن ئەمین جەلال شوانی/** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**تاهیر حەسۆ زێباری/** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hemin Amen Jalal Shwani
hemin.jalal@mhe-krg.org

RECEIVED :17 /08/2025
ACCEPTED :17/12/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کێشەی " میدیای دیجیتاڵی: گەورەکردنی ئەلگۆریتمیی وتاری ڕق و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتەی وەک هەرێمی کوردستاندا شیدەکاتەوە"، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵی ئەلگۆریتمەکان لە قووڵکردنەوەی جەمسەرگیری و هەرەشەکردن لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان. توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێوی (Survey) بەکارهێناوە و کەرەستەی سەرەکی بریتی بووە لە پێوەرێکی ئەلیکترۆنی کە چەندین بڕگەی بۆ "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" و "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" لەخۆگرتبووە، داتاکانی لە نموونەیەکی نا-ئەگەری بە قەبارەی (488) بەکارهێنەری میدیای دیجیتاڵی لە سەرانسەری هەرێم کۆکراوەتەوە .ئامرازە ئامارییەکانی بەرنامەی( SPSS )، وەک شیکاریی پەیوەندی و پاشەکشەی فرەلایەنەی بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنراون.گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت پەیوەندییەکی ئەرێنیی لاواز لەنێوان بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە و باوەڕبوون بە پێکەوەژیانـدا هەیە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ دیاردەی "کاردانەوەی بەرگریکارانە" لەناو کۆمەڵگەدا. هەروەها دەرکەوت بەهێزترین فاکتەرە کاریگەرەکان بریتین لە "شوێنی نیشتەجێبوون" و "نەتەوە"، لە کاتێکدا کاریگەریی خودی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان ماندار نەبوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەلگۆریتم،
وتاری ڕق و کینە،
پێکەوەژیان،
میدیای دیجیتاڵی،
یەکانگیریی کۆمەڵایەتی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١- پێشەکی

پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتەی وەک هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. ئەم فرەچەشنییە، کە بوونی پێکهاتەی جیاوازی وەک کورد، تورکمان، کلد، ئاشووری، عەرەب، هەروەها ئایینەکانی وەک ئیسلام، مەسیحی و ئێزیدی، کاکەیی، سابیئەی مەندائیی، بەهائی وجوو لەخۆدەگرێت، نەک تەنها ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند دەکات، بەڵکو بەهاکانی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی بەرامبەریش بەهێز دەکات. ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان کۆمەڵگە لەبەرامبەر هەڕەشە و ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا یەکگرتوو و بەهێزتر دەکات. هاوکات، ئەم ژینگە ئەرێنییە زەمینە بۆ بەشداریی کارای سەرجەم پێکهاتەکان لە ژیانی سیاسی و ئابووریدا خۆش دەکات و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئابووری. پێکەوەژیان تەنها مەرج نییە بۆ ئاشتی، بەڵکو بناغەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دیموکراتە ناوبانگی هەرێم وەک نموونەیەکی دیاری پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ناوچەکەدا بەرز دەکاتەوە.

میدیای دیجیتاڵی لە سەردەمی ئەمڕۆدا وەک شمشێرێکی دوو دەم ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت. لە لایەکەوە، ئەم ئامرازانە بە شکاندنی بەربەستە جوگرافی و کەلتوورییەکان، بونەتە پردێکی کارا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی و گفتوگۆ لەنێوان تاک و پێکهاتە جیاوازەکاندا، هەروەها دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی بەها دیموکراسییەکان دەڕەخسێنن. بەڵام لە بەرامبەردا، بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوە و نەبوونی چاودێریی کاریگەر، ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی دەتوانن ببنە ژینگەیەکی مەترسیدار بۆ بڵاوکردنەوەی وتاری ڕق و کینە، زانیاریی چەواشەکارانە و پڕۆپاگەندەی توندڕەوانە کە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە و ناکۆکیی ئایینی و نەتەوەیی قووڵتر دەکاتەوە. لەبەرئەمە، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی هاوبەش دەکەوێتە ئەستۆی بەکارهێنەران، داڕێژەرانی سیاسەت و دامەزراوە میدیاییەکان ومیدیاکاران بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە و دڵنیابوونەوە لەوەی دەبنە هۆکارێک بۆ گفتوگۆی بنیاتنەر و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، نەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و توندوتیژی و وتاری ڕق و کینە، زانیاریی چەواشەکارانە.

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە چۆن ئەلگۆریتمەکانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی نەبینراو کاردەکەن بۆ دروستکردنی "ژووری دەنگدانەوە (Echo Chambers) "و "فلتەری حەبابەیی (Filter Bubbles) " ، ئەم دیاردەیە چۆن وا لە بەکارهێنەران دەکات کە تەنها ئەو ناوەڕۆکانەیان پێ بگات کە لەگەڵ بۆچوونی خۆیاندا دێتەوە، و ئەمەش چۆن دەبێتە هۆی بەهێزبوونی وتاری ڕق و کینە دژی پێکهاتە جیاوازەکان.

بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەدوو ڕودایە، لە ڕووی زانستیەوە لەوەدایە ئەو بۆشاییەی کە لە توێژینەوەی کوردییدا هەیە سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی (ئەلگۆریتمەکان) و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەوڵ دەدا پڕی بکاتەوە، هەروەک لە ڕووی پراکتیکیش کۆمەڵێک پێشنیازی گرنگ پێشکەش بە (حکومەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکوانان و میدیاکاران) دەکات بۆ دانانی پلانی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوە.

پەیوەست بە ئامانجەکانی؛ توێژینەوەکە هەوڵ دەدات بە پشت بەستن بە داتای مەیدانی، پەیوەندیی نێوان بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە لە میدیای دیجیتاڵیدا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی یەکانگیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بپێوێت، لەگەڵ دیاریکردنی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن)، کە زیاتر کارلێک لەگەڵ وتاری ڕق و کینەدا دەکەن. گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە ئەو کەسانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ پۆستی نەشیاو دژی پێکهاتەکان هەیە، ئاستی متمانەیان بە پێکهاتەکانی دیکە کەمترە.

## ٢- چوارچێوەی تیۆری و پێشینەی توێژینەوە

### ١-٢ چوارچێوەی تیۆری :

#### ٢-١-١ تیۆری ژووری دەنگدانەوە و فلتەری حەبابەیی (Echo Chamber & Filter Bubble Theory) :

تیۆرییەکانی "ژووری دەنگدانەوە (Echo Chamber) "و "فلتەری حەبابەیی (Filter Bubble) "دوو چەمکی باو و

بنەڕەتیین لە بوارەکانی میدیای دیجیتاڵی و زانستەکانی پەیوەندیکردندا و، ئاماژە بە کاریگەرییە قووڵەکانی میدیای دیجیتاڵی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەکەن، هەروەک ئاماژە بەو ژینگە پەیوەندییە دەکەن، کە تاکەکان تەنها بەر ئەو زانیاری و بیرۆکانە دەکەون کە لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونە پێشوەختەکانی خۆیاندا یەکدەگرێتەوە و، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی سیستماتیک لە بۆچوونە جیاواز یان دژەکان دوور دەخرێنەوە.

هەرچەندە ئەم دوو چەمکە زۆرجار بە هەڵە وەک یەک شت بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاماژە بە دوو دیاردەی جیاواز دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن و کاریگەرییەکانی یەکتر قووڵتر دەکەنەوە. چەمکی "ژووری دەنگدانەوە" لە ڕەگ و ڕیشەدا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئینتەرنێتدا، زانای سیاسی کاس سەنستاین (Sunstein, 2007) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Republic.com 2.0) بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ وەسفکردنی ژینگەی میدیایی نوێ بەکاریهێنا. لە بەرامبەردا، چەمکی فلتەری حەبابەیی نوێترە و ڕاستەوخۆ لەلایەن چالاکوانی ئینتەرنێت، ئیلای پاریسەر(Pariser, 2012) ، لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی " The Filter Bubble: What the Internet Is Hiding from You" بۆ وەسفکردنی کاریگەریی تایبەتکردنی ئەلگۆریتمی داهێنرا.

فلتەری حەبابەیی، ئاماژەیە بەو ژینگە زانیارییە تایبەت و تاکەکەسییەی کە لەلایەن ئەلگۆریتمەکانی کۆمپانیا گەورەکانی وەک گووگڵ، فەیسبووک، و ئەمازۆنەوە بۆ هەر بەکارهێنەرێک دروست دەکرێت. ئەم ئەلگۆریتمانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەردەوام چاودێریی هەڵسوکەوتی بەکارهێنەر دەکەن؛ لەوانە ئەو شتانەی کلیکیان لەسەر دەکات، ماوەی مانەوەی لەسەر پەیجێک، ئەو شتانەی "لایکی" کردوون، مێژووی گەڕانەکانی، تەنانەت شوێنی جوگرافیشی. لەسەر بنەمای ئەم داتایانە، ئەلگۆریتمەکان "پێشبینی" دەکەن کە بەکارهێنەر حەز بە بینینی چ جۆرە ناوەڕۆکێک دەکات و بە شێوەیەکی خۆکارانە ئەو زانیاری و بۆچوونانەی بۆ دەخەنە ڕوو کە لەگەڵ ئارەزوو و بیروباوەڕەکانی پێشووی خۆیدا دەگونجێن. دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە دروستبوونی "حەبابەیەک"ی نەبینراو لە دەوری بەکارهێنەر، کە تێیدا تەنها ئەو زانیاریانە دەبینێت کە سیستەمەکە پێی وایە ئەو دەیەوێت ببینێت، لە کاتێکدا ئەو زانیاری و بۆچوونە جیاواز و دژانەی کە ڕەنگە بۆ تێگەیشتنێکی هاوسەنگ لە جیهان پێویست بن، بە شێوەیەکی سیستماتیک لێی دەشاردرێنەوە. (Pariser, 2012)، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فەزای زانیاریی داخراو، چونکە بیرۆکەکان بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و لەنێوان کۆمەڵێک کەسی هاوشێوە لە ڕووی ئاراستەی فیکرییەوە ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، کە ئەمەش قەناعەتە خودییەکان بەهێزتر دەکات و کارلێککردن لەگەڵ جیاوازیدا لاواز دەکات .(Jamieson & Cappella, 2008) بەم شێوەیە، بیروباوەڕە تاکەکەسییەکان گەورە دەکرێن و دەگۆڕدرێن بۆ قەناعەتی ڕەها کە قابیلی گفتوگۆ و ڕەخنە نین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جەمسەرگیریی فیکری و ئەگەری بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست و لێکدانەوەی توندڕەوانە بۆ ڕووداوەکان زیاد دەکات.(Flaxman, Goel & Rao, 2016)

بەڵام ژووری دەنگدانەوە بەپێچەوانەی فلتەری حەبابەییە، چونکە ئەمەیان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە تێیدا تاکەکان بە شێوەیەکی چالاکانە و خۆویستانە خۆیان دەخەنە ناو ژینگەیەکەوە تێیدا بیروباوەڕەکانیان دووبارە دەکرێتەوە و پشتڕاست دەکرێتەوە. ئەم دیاردەیە لەسەر بنەمای دیاردەی "هاوشێوەخوازی" کاردەکات، کە بریتییە لە مەیلی سروشتیی مرۆڤ بۆ تێکەڵاوبوون و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە خۆی دەچن لە ڕووی بیروباوەڕی سیاسی، ئایینی و تەندروستی ، زانستی و کۆمەڵایەتییەوە (Sunstein, 2007). بۆ نموونە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەکارهێنەران ئەو کەس و پەیجانە "فۆڵۆو" دەکەن و دەچنە ناو ئەو گرووپانەوە کە هاوڕان لەگەڵیان، لە هەمان کاتدا ئەو کەسانە "ئەنفرێند" یان "میوت" دەکەن کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لەناو ئەم "ژووری دەنگدانەوەیەدا"، بیروباوەڕەکان تەنها دووبارە نابنەوە، بەڵکو بەهێزتر و زۆرجار توندڕەوتر دەبن. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ژووری دەنگدانەوە ئەوەیە کە سەرچاوە و بۆچوونەکانی دەرەوەی ژوورەکە نەک تەنها پشتگوێ دەخرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی سیستماتیک متمانەیان لێ دەسەندرێتەوە و وەک "دوژمن"، "نەزان"، یان "چەواشەکار" وێنا دەکرێن و، "وا لە تاکەکان دەکات زیاتر بکەونە ژێر کاریگەریی "لایەنگیریی پشتڕاستکەرەوە"؛ واتە تەنها بەدوای ئەو زانیارییانەدا دەگەڕێن کە بەکارهێنەر پێشتر باوەڕیان پێیەتی پشتڕاستی دەکاتەوە و هەر شتێک

پێچەوانەی بێت پشـــتگوێی دەخەن .(Del Vicario et al., 2016) ئەم دیاردەیە هەڕەشـــە لە پێکهاتەی وتاری دیموکراسی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکات، چونکە دەرفەتەکانی گفتوگۆی بنیاتنەر لاواز دەکات و ژینگەیەکی پڕ لە دەمارگیری و لێکتێنەگەیشتن دروست دەکات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەلگۆریتمەکان ڕۆڵێکی جیاواز لە پلاتفۆرمی جیاوازدا دەگێڕن. بۆ نموونە یوتیوب بەوە ناسراوە، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک بینەران یان بەکارهێنەران بەرەو ناوەڕۆکی توندڕەوتر و وروژێنەرتر دەبات، ئەوەش بە "ڕادیکالیزەکردنی ئەلگۆریتمی" ناســراوە زەینەب توفیقچی، کە یەکێکە لە دیارترین توێژەرانی ئەم بوارە، ئاماژە بەوە دەکات "ئامانجی سەرەکیی ئەلگۆریتمی یوتوب هێشتنەوەی بەکارهێنەرە بۆ ماوەیەکی درێژتر لەســەر پلاتفۆرمەکە و، زۆرجار ناوەڕۆکی شــۆکهێنەر و وروژێنەر دەکاتە باشــترین ڕێگایە بۆ گەیشــتن بەو ئامانجە، ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆی بە بابەتی "وتاری ڕق و کینە"وە هەیە؛ وتاری توند دژی پێکهاتەیەکی دیکە، لەبەر ئەوەی کاردانەوەی سـۆزداریی بەهێز دروسـت دەکات" (Tufekci, 2018) ، بەم شـێوەیە، پلاتفۆرمەکان زۆربەی جار بێ ئەوەی مەبەســتیان بێت، دەبنە بڵندگۆیەک بۆ دەنگە توندڕەوەکان و ژینگەی گفتوگۆی گشتی ژەهراوی دەکەن و تێکی دەدەن.

کەواتە؛ گریمانەی ســەرەکیی هەردوو تیۆرییەکە ئەوەیە ئەم دوو دیاردەیە، یەکێکیان تەکنەلۆژی و ئەوی دیکەیان کۆمەڵایەتییە، پێکەوە کاردەکەن بۆ دروســتکردنی بازنەیەکی داخراو، ئەوەش دەرەنجامی مەترســیداری بۆ کۆمەڵگە هەیە، چونکە فلتەری حەبابەیی (تەکنەلۆژیا) زەمینە خۆش دەکات بۆ ناوەڕۆکی هاوشــێوە بخاتە بەردەم بەکارهێنەر، ئەمەش وا دەکات مانەوە لەناو ژووری دەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیدا ئاســانتر بێت، بەڵام لە ڕوانگەی زانســتییەوە، "دەکرێت لە ڕێگەی بەهێزکردنی بیری ڕەخنەگرانە، باشــترکردنی ئەلگۆریتمەکانی میدیای دیجیتاڵی بۆ هاندانی فرەچەشــنەیی زانیاری و، پشــتگیریکردنی دەســتپێشــخەرییەکانی و پەروەردەی میدیایی ڕووبەڕووی کاریگەریی ژوورەکانی دەنگدانەوە ببینەوە "(Dubois & Blank, 2018)، بە پێچەوانەوە دەرەنجام و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە بریتین لە زیادبوونی جەمسەرگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی بناغەی ڕاستییە هاوبەشەکان کە بۆ گفتوگۆی دیموکراسی و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن پێویستن، کەمبوونەوەی لێکتێگەیشتن و سۆزی بەرامبەر بۆ گرووپە جیاوازەکان و، ڕەخســاندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ زیادبوونی ئاســانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ســاختە و زانیاریی چەواشــەکارانە و تیۆرییەکانی پیلانگێڕی، هەموو ئەمانەش پێکەوە هەڕەشــە لە شــیرازەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی کراوە و لێبوردەیی و یەکانگیری کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتەی وەک هەرێمی کوردستان دەکەن.

### ٢- ١-٢ تیۆریی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی (Social Cohesion)

چەمکی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی (Social Cohesion) یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زانســتی کۆمەڵناســی، کە لەلایەن ئەمیل دۆرکهایم (1858-1917)، کۆمەڵناسی دیاری فەرەنسی، بناغەی بۆ داڕێژراوە. دۆرکهایم، کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرە ســەرەکییەکانی کۆمەڵناســیی مۆدێرن دادەنرێت، لە ڕێگەی کارە تیۆری، ئەزموونی و، میتۆدۆلۆژییەکانیەوە بەشدارییەکی بەرچاوی لە تێگەیشتن لە پێکهاتە و داینامیکی کۆمەڵگەدا کردووە (لێژێ و ویلیەم، 2024، ل. 279). یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی دۆرکهایم، بەتایبەت لە کتێبە ناسراوەکەیدا دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، بریتی بوو لەوەی کە: چۆن کۆمەڵگە لە ســەردەمی مۆدێرندا یەکپارچەیی خۆی دەپارێزێت، لە کاتێکدا تاکەکان بەرەو ســەربەخۆیی و تاکگەرایی زیاتر هەنگاو دەنێن؟ (لێژێ و ویلیەم، 2024، ل. 285). بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســیارە، دۆرکهایم دوو جۆر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی دیاری کرد ئەوانیش (یەکانگیریی میکانیکی) و (یەکانگیریی ئۆرگانیک) بوو، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراون.

یەکانگیریی میکانیکی (Mechanical Solidarity) تایبەتمەندیی کۆمەڵگە نەریتی، سادە و، پێش-پیشەسازییەکانە. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، دابەشکردنی کار تێیاندا لاوازە یان هەر بوونی نییە، یەکگرتوویی لەسـەر بنەمای هاوشـێوەیی و لێکچوونی نێوان تاکەکان دامەزراوە .(Durkheim, 1986, p. 130) ئەندامانی کۆمەڵگە بەها، بیروباوەڕ، نەریت و،

سۆزی هاوبەشیان هەیە. ئەم هاوبەشییە چڕە، ئەوە دروست دەکات کە دۆرکهایم ناوی ناوە "کۆویژدان" یان "ئاگایی هاوبەش (Collective Conscience) "، کە بریتییە لە کۆی ئەو بیروباوەڕ و هەستە گشتیانەی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا باون و وەک سیستمێکی ئەخلاقیی سەربەخۆ کار دەکەن و خۆیان بەسەر هەمووماندا دەسەپێنن (حەسەن، 2010، ل. 306).

لەبەر ئەوەی تاکەکان لە ڕووی شێوازی ژیان و کارکردنەوە (وەک کشتوکاڵ یان ڕاوکردن) لە یەکتر دەچن، پەیوەندییەکان توند و تۆڵن و زۆرجار لەسەر بنەمای خزمایەتی و خوێن دامەزراون. ئایین و ڕێوڕەسمە هاوبەشەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵگە دەگێڕن. سیستمی یاسایی لەم کۆمەڵگەیانەدا سروشتێکی "سزادەر"ی (Repressive) هەیە؛ هەر لادانێک لە نۆرمە باوەکان بە هێرش بۆ سەر کۆی کۆمەڵگە دادەنرێت و، سەرپێچیکار بە توندی سزا دەدرێت بۆ ئەوەی کۆویژدانەکە بپارێزرێت (دورکایم، 2015، ل. 64). بەم شێوەیە، فشاری کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزە و تاکگەرایی لە ئاستێکی نزمدایە.

بەو جۆرە دەبینین؛ یەکانگیری میکانیکی نوێنەرایەتی فۆرمێک لە یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەکات، کە لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و لێکچوونی تاکەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا دامەزراوە، بەجۆرێک ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیانە زۆرجار سەر بە کۆمەڵگە بچووکان و، خاوەن پەیوەندییە توند و تۆڵەکانن؛ هەمووان یەکتر دەناسن و داب و نەریتی هاوبەشیان هەیە، هەروەک باوەڕ و ڕێوڕەسمی ئایینی وەک میکانیزمێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ناسنامەی بەکۆمەڵ کار دەکەن، جگە لەوەش تاکەکان بە میراتی کەلتوور و زمان و مێژووی هاوبەش بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەم ناسنامە هاوبەشە هەستێکی بەهێزی هاودەنگی و پشتیوانی یەکتر لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا پەروەردە دەکات.

بەپێچەوانەی یەکانگیریی میکانیکی، یەکانگیریی ئۆرگانیک (Organic Solidarity) تایبەتمەندیی کۆمەڵگە مۆدێرن، پیشەسازی و، ئاڵۆزەکانە. لەم کۆمەڵگەیانەدا، یەکگرتوویی لەسەر بنەمای جیاوازی و پشتبەستن بە یەکتری (Interdependence) دامەزراوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانەش بریتییە لە "دابەشکردنی کار"ی پێشکەوتوو. کاتێک کۆمەڵگە گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێت، تاکەکان لە بوار و پیشەی جیاوازدا پسپۆڕی وەردەگرن (Durkheim, 1893, p. 29)، ئەم پسپۆڕییە وا دەکات تاکەکان بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان چیتر ناتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، بەڵکو پێویستیان بە کار و خزمەتگوزاریی کەسانی دیکە دەبێت. بۆ نموونە، پزیشک پێویستی بە جووتیار هەیە، جووتیار پێویستی بە مامۆستا هەیە، مامۆستاش پێویستی بە پزیشک هەیە. ئەم تۆڕە ئاڵۆزەی پشتبەستن بە یەکتری، دەبێتە بنەمای نوێی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، وەک (الجوهری، 2006، ل. 230) ئاماژەی پێدەدات، "دابەشکردنی کار بڕبڕەی پشتی هاودەنگیی ئۆرگانیکە."

لەگەڵ بەهێزبوونی دابەشکردنی کار، ڕۆڵی "کۆویژدان" لاواز دەبێت و تاکگەرایی (Individualism) گەشە دەکات. تاکەکان ئازادیی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆیان هەبێت. لەبەرئەمە، سیستمی یاساییش سروشتەکەی دەگۆڕێت لە "سزادەر"ەوە بۆ "قەرەبووکەرەوە" (لێژێ و ویلیەم، 2024، ل. 286). ئامانجی سەرەکیی یاسا چیتر سزادانی تۆڵەسەندنەوە نییە، بەڵکو قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تاک و دامەزراوەکانە (عبد الرحمن، 2010، ل. 145). گرێبەستەکان (Contracts) دەبنە بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

لە کۆمەڵگە ئۆرگانیکەکاندا، فرەچەشنی و هەمەجۆریی بیروباوەڕ و کەلتوورەکان نەک تەنها قبوڵکراوە، بەڵکو بە سەرچاوەی هێز و داهێنان دادەنرێت (زاید، 2005، ل. 90)، هەروەک دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (سیستمی پەروەردە، ئابووری، و حکومەت) ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەماهەنگیکردنی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی سەقامگیری دەگێڕن (فیاض، 2018، ل. 28). دۆرکهایم پێی وایە ئەم جۆرە یەکانگیرییە خۆڕاگرتر و گونجاوترە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، چونکە پشت بە وابەستەیی کارایی و دانان بە بەشدارییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان دەبەستێت.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، یەکانگیری ئۆرگانیک نوێنەرایەتی فۆرمێک لە یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەکات، کە لەسەر بنەمای وابەستەیی و تایبەتمەندبوونی تاکەکان لەناو کۆمەڵگە مۆدێرن و پیشەسازییەکاندا دامەزراوە و، تایبەتمەندە بە

جیاکاری کارایی، ســــەربەخۆیی تاکەکەســــی، پەیوەندییە گرێبەســــتییەکان و پابەندبوونێکی هاوبەش بە هاوکاری و بەرامبەرایەتی و، یەکانگیری ئۆرگانیک لە ڕێگەی وابەســــتەیی یەکتر و دانـان بە بەشـــــدارییە جۆراوجۆرەکان لە خۆشگوزەرانی بەکۆمەڵدا، یەکانگیری کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات.

بە گشتی تیۆرییەکەی دۆرکهایم گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ڕوون دەکاتەوە؛ لە کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای لێکچوون و فشاری بەکۆمەڵ یەکگرتووە، بۆ کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای جیاوازی و پشتبەستنی ئۆرگانیکی نێوان تاکە پسپۆڕەکان؛ یەکپارچەیی خۆی دەپارێزێت. ئەم چوارچێوە تیۆرییە هێشتا بە یەکێک لە گرنگترین بناغەکانی تێگەیشتن لە یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە جیهانی هاوچەرخدا دادەنرێت.

## ٢-٢ پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوودا (Literature Review)

توێژینەوەکانی پێشــوو، چ لەســەر ئاســتی ناوخۆیی (هەرێمی کوردســتان و عێراق) و چ لەســەر ئاســتی جیهانی، بە شێوەیەکی بەرفراوان چەندین توێژینەوە لەبارەی ڕۆڵی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتیی کراوە. بە گشـــتی، دەرەنجامەکانی توێژینەوەکان وێنەیەکی ئاڵۆز و دوولایەنە دەخەنەڕوو کە دەتوانرێت لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا پوخت بکرێنەوە.

ڕەهەندی یەکەمی ئەو توێژینەوانە تیشک دەخاتە سەر لایەنە نەرێنییەکان، کە تێیدا میدیای دیجیتاڵی وەک هەڕەشەیەک بۆ ســــەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی وێنا دەکەن، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردســـــتان و عێراق، چەندین توێژینەوە وەک توێژینەوەی (حەکیم و ئەمیر، 2020) بە نـاونیشـــــانی "کۆمەڵگەی کوردســـــتانی باشـــــور لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا"، و توێژینەوەی (عەلی، 2023) بە ناونیشانی " بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵگە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ"، ئاشکرایان کردووە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زەقکردنەوەی ناکۆکییە سیاسی و ناوچەییەکان، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و، زیادکردنی ڕق و کینەی تائیفی گێڕاوە. ئەم کاریگەرییە نەرێنییە لەســەر ئاســتی خێزانیش بەدی دەکرێت، کە توێژینەوەکانی (حســین، 2008) بە ناونیشـــــانی " هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شـــــاری ســـــلێمانی"، توێژینەوەی (غزال، 2009) بە ناونیشانی " ئینتەرنێت و ڕەهەندەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە خێزانی میسریدا لە بەر ڕۆشنایی ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریدا"، و توێژینەوەی (صمیلی، 2020) بە ناونیشـانی " سۆشیال میدیا و پەیوەندی بە هەریەک لە یەکـانگیری خێزانی و کوالیتی ژیـانی ئەکـادیمی لە نێو خوێنـدکـارانی زانکۆی جـازان"، دەریـانخســــتووە بەکارهێنانی زیادەڕەوانەی میدیای دیجیتاڵی بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە خێزانییەکان، کەمبوونەوەی گفتوگۆ و، دروســـتبوونی گۆشـــەگیری. لە ئاســـتی نێودەوڵەتیشـــدا، توێژینەوەکانی هەریەک لە (Lewis et al., 2019) بە ناونیشــانی " یەکانگیری کۆمەڵایەتی و، و تویتەر و ســیاســەتی راســت ڕەوانی لە ئوســتورالیا: هەمەجۆری لە بواری میدیای دیموکراتدا"، و توێژینەوەی (Schirch, 2021) بە ناونیشـــــانی " یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ململانێی هێزەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان"، مەترسیی سۆشیال میدیایان لە بڵاوکردنەوەی وتاری ڕق و کینە دژی کەمینەکان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی سەلماندووە.

لە بەرامبەردا، ڕەهەندی دووەم لە توێژینەوەکانی پێشـــــوو جەخت لەســـــەر لایەنە ئەرێنی میدیا دەکەنەوە، بۆ نموونە توێژینەوەی (ســـەعید، 2023) بە ناونیشـــانی " ڕۆڵی کەناڵە کوردییە ئاســـمانییەکان لە هاندانی پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردســـتاندا"، دەریخســـتووە کە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردســـتان کاریان لەســــەر چەســــپاندنی کەلتووری پێکەوەژیانی ئایینی کردووە. لەســـــەر ئاســـــتی جیهانیش، توێژینەوەی هەریەک لە (Strömbäck, 2015)بە ناونیشانی " داهاتوی ژینگەی میدیایی و دیموکراسی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە سوید" و، توێژینەوەی (Matema & Kariuki, 2022) بە ناونیشـــــانی "کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەســـــەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە ئەفریقای باشـــووری"، ئاماژە بەوە دەکەن میدیا دەتوانێت هەســـــتی هاوبەش دروســـــت بکات، پردی پەیوەنـدی لەنێوان گرووپە جیـاوازەکـانـدا دابمەزرێنێت و، ئەزموونەکـانیـان یەکبخـات. هەروەهـا لە توێژینەوەکەی (Pfisterer et al., 2008)بە ناونیشـانی " کۆمەڵگەی رادیۆ لە نەمسـا لە ماوەی 10 سـاڵدا: توێژینەوەیەکی کراوە و

فرەیی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی"، دەریخستووە ڕادیۆ دەتوانێت ببێتە دەنگی گرووپە پەراوێزخراوەکان و فرەیی لە کۆمەڵگەدا بەهێز بکات. لە کاتی قەیرانەکانیشدا، وەک لە توێژینەوەی ( Taha et al.,2021) بە ناونیشانی " متمانەی سیاسی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کاتی قەیرانەکاندا، کاریگەریی کۆڤید-19 لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق" دەرکەوتووە، میدیا دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی.

بە گشتی، دەرەنجامی سەرەکیی زۆربەی توێژینەوە نوێیەکان وەک توێژینەوە هاوبەشەکەی هەریەک لە (González-Bailón & Lelkes, 2022) بە ناونیشانی " ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە هۆی بێ هێزبوونی یەکانگیری کۆمەڵایەتی؟ پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیە " و، توێژینەوەی (Stieglitz & Ross, 2022) بە ناونیشانی " کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی: شمشێرێکی دوو سەر"، دەرکەوتووە میدیای دیجیتاڵی "شمشێرێکی دوو سەر"ە. لە لایەک دەتوانێت ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی وتاری ڕق و کینە، زانیاریی چەواشەکارانە و، جەمسەرگیریی ئایدیۆلۆژی، لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانێت پردی پەیوەندی دروست بکات و، ببێتە دەنگی کەمینەکان و، هەستی هاوبەش و یەکگرتوویی لە کاتی قەیرانەکاندا بەهێز بکات.

کاتێ تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو دەکەین چەند خاڵێکی سەرەکی و هاوبەش دەردەکەون، بۆ نموونە زۆربەی توێژینەوەکان بەتایبەت توێژینەوەکانی هەریەک لە (حەکیم و ئەمیر، 2020) و (عەلی، 2023) لەسەر ئاستی ناوخۆییەوە تا دەگاتە توێژینەوەکانی (Lewis et al., 2019) و (Schirch, 2021) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم ئامرازانە وەک "شمشێرێکی دوو سەر" کاردەکەن و جەخت لەسەر ڕۆڵی دوولایەنەی میدیای دیجیتاڵیی دەکەنەوە و، دەریدەخەن کاریگەریی میدیا سروشتێکی یەکلایەنەی نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و، شێوازی بەکارهێنانەکەیەوە، ئەوە لە کاتێکدا توێژینەوەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت وەک توێژینەوەکانی (Pfisterer et al., 2008 ) لە نەمسا زیاتر تیشک دەخەنە سەر توانای میدیا بۆ بەهێزکردنی فرەیی و بایەخدان بە کەمینەکان، هەروەها توێژینەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان (وەک توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان و میسر) زیاتر جەخت لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا وەک تێکدانی پەیوەندییە خێزانییەکان و زیادبوونی ناکۆکیی تائیفی و سیاسی دەکەنەوە. ئەمە لەوانەیە ئاماژە بێت بە جیاوازیی قۆناغی گەشەی دیموکراسی و ئاستی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەم ناوچانەدا.

هاوکات گۆڕانکارییەکی کاتی لە فۆکەسی لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەبینرێت؛ توێژینەوە کۆنەکان زیاتر لەسەر میدیا تەقلیدییەکان (وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) و کاریگەرییان لەسەر یەکەی خێزان کردۆتەوە، لە کاتێکدا توێژینەوە نوێیەکان (وەک ئەوانەی دوای ساڵی 2015) بەدواوە بە شێوەیەکی چڕتر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی هەواڵی ساختە، جەمسەرگیریی ئایدیۆلۆژی و، ڕۆڵی ئەلگۆریتمەکان دەدوێن. لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەم هەموو توێژینەوەیە، کەلێنێکی میتۆدۆلۆژی هێشتا ماوە، کە بریتییە لە کەمیی توێژینەوەی مەیدانیی ورد، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی نێوان "بەرکەوتنی ئەلگۆریتمی" و "هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی" لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بپێوێت، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و، ڕاستەوخۆ باس لە ڕۆڵی ئەلگۆریتمەکان وەک هۆکارێکی تەکنیکی لە بەهێزکردنی وتاری ڕق و کینە و، کاریگەرییە مەیدانییەکانی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا دەکات.

## ٣- میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوە

### ٣-١ متیۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە دیزاینی میتۆدی تێکەڵاو (Mixed Methods Design) بەستووە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی فرەڕەهەند و قووڵ لەبارەی پەیوەندیی نێوان میدیای دیجیتاڵی و یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. بە دیاریکراوی، توێژینەوەکە دیزاینی سێگۆشەیی (Triangulation Design) پەیڕەو کردوە، کە ئامانج لێی بەراوردکردن و پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەردوو ڕێبازی چەندایەتی و ڕێبازی چۆنایەتییە، ئەم دیزاینە یارمەتیدەر بوو بۆ تێپەڕاندنی سنووردارێتییەکانی هەر ڕێبازێک بە تەنها؛ لە لایەکەوە بۆچوون و هەستی خودیی

بەکارهێنەران لە ڕێگەی پێوەری توێژینەوە پێوەراوە، لە لایەکی دیکەشەوە واقیعی بەرجەستەی ناوەڕۆکی بڵاوکراوە و کاردانەوەی بینراوی بەکارهێنەران لە ڕێگەی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی پۆســـت و هەواڵ و بابەتەکان لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی شی کراوەتەوە، تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕوانگەیە وێنەیەکی گشتگیر و متمانەپێکراوتری لەسەر دیاردەی لێتوێژینەوە خستەڕوو.

**٢-٣ کۆمەڵگە توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە**

**٣-٢-١ کۆمەڵگەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە تەواوی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردســـــتان، بەڵام بەهۆی نەبوونی بانکی زانیاری؛ هیچ داتا و ئامارێکی تایبەت لەبارەی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردســـــتان لە هیچ دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی بەردەســـــت نەبوو، بابەتەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە میدیای دیجیتاڵیی، کۆمەڵگەی توێژینەوە بەو کەسانە سنووردار کراوە، کە چالاکانە ئەم پلاتفۆرمانە لە هەرێمی کوردســـــتان بەکاردەهێنن و، لە ســـــەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێو شـــــار و شـــــارۆچکە جیاوازەکانی هەرێم (هەولێر، ســـــلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، و ئیدارە ســـــەربەخۆکان)ن، کەواتە کۆمەڵگەی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە کۆمەڵگەی ناسنوردار.

**٣-٢-٢ نموونەی توێژینەوە:** دیاریکردنی نموونە و، قەبارە و شـــێوازی وەرگرتنی، یەکێکن لە بنەما بنەڕەتی و چارەنووســـسازەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، چونکە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر دروستی و باوەڕپێکراویی ئەنجامەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ســـروشـــتی کۆمەڵگەی توێژینەوە (بەکارهێنەرانی ئۆنلاین) و نەبوونی چوارچێوەیەکی نموونەوەرگرتنی (Sampling Frame) فەرمی و گشتگیر، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە شێوازی نموونەوەرگرتنی نا-ئەگەری (Non-probability Sampling) بەســـتراوە. بە دیاریکراوی، دوو تەکنیک و نموونەی جیاواز و تێکەڵاو بەکارهێنراون، ئەوانیش: نموونەوەرگرتنی ئاســـانکار/هەڵکەوتوو(Convenience/Haphazard Sampling) : لە قۆناغی ســـەرەتاییدا، بەستەری فۆرمی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئەپلیکەیشـنەکانی پەیوەندیکردنەوە، وەک (واتسئەپ، ڤایبەر، تلیگرام و، فەیسبووک ماسنجەر) بۆ ژمارەیەک لەو کەسانە نێردرا، کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان و لە نێو پێکهاتە جیاوازەکاندا توێژەر دەستی پێیان دەگەیشت، بۆ فراوانکردنی بازنەی نموونەکە و گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی بەشـــداربووانی هەمەجۆر، پشـــت بە نموونەوەرگرتنی تۆپەڵەبەفر(Snowball Sampling) بەســترا و داوا لە بەشداربووانی ســەرەتایی کرا، بەستەری پێوەرەکە بۆ هاوڕێ و ناسیاو و ئەندامانی ئەو گرووپانە بنێرن کە تێیدا ئەندامن. ئەم تەکنیکە یارمەتیدەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەی فۆرمەکە بە شـــێوەیەکی ئۆرگانیک لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و، گەیشتن بەو کەسانەی توێژەر ڕاستەوخۆ دەستی پێیان نەدەگەیشت. ئەم شێوازە ڕێگەی خۆشکرد بۆ تێپەڕاندنی سنووری جوگرافی و گەیشتن بە بەشداربووان لە دوورترین شارۆچکەکان تا ناوەندی شارە گەورەکان بە کەمترین تێچوو و کات. هەروەک لە ڕێگەی تەکنیکی نموونەی تۆپەڵە بەفر، توێژەر توانی دەســـــت بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان (وەک کریستیان، ئێزیدی، تورکمان، بەهائیی، هتد) بگات، کە ڕەنگە لە ڕاپرسییە تەقلیدییەکاندا بە ئاسانی بەردەست نەبن.

**٣-٢-٢-١ قەبارەی نموونە :** بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونەی گونجاو، توێژەران پشتیان بە شیکاریی هێز بەست، کە چەندین فاکتەر لەبەرچاو دەگرێت، وەک: قەبارەی پێشبینیکراوی کاریگەرییەکە، ئاستی مانادارى و ئاستی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئەمە وا دەکات دیاریکردنی قەبارەی نموونە لەبری ئەوەی کردارێکی هەڕەمەکی بێت، ببێتە بڕیارێکی زانســـتی و دڵنیایی دەدات لەوەی نموونەکە نە زۆر بچووکە تا ئەنجامەکان بێهێز بکات، نە زۆر گەورەشـــە ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات و ســـەرچاوە و دروســـتکردنی کێشـــەی ئێتیکی (Kemal, 2020)، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ســـروشـــتی ژینگەی ئۆنلاین و نەبوونی ژمارەیەکی فەرمی و گشـــتگیر بۆ هەموو بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردســـتان، کە دروســـتکردنی دەکاتە کارێکی نزیک لە مەحاڵ (Bethlehem, 2010) ، لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو ڕاســـتیە زانســـتیانەی ســـەرەوە؛ توێژەر (550) پێوەری توێژینەوەکەی بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ و

ناراستەوخۆ دابەشکرد، بەڵام دوای تەواوبوونی پرۆسەکە و کۆکردنەوەی داتاکان و، وردبینیکردن دەرکەوت (488)یان بەدروستی پڕ کرابونەوە، ئەم نموونەیە لە ڕووی دیمۆگرافییەوە هەمەجۆرییەکی بەرچاوی لەخۆگرتبوو، کە بریتی بوون لە بەشداربووان لە ڕەگەزی نێر و مێ، تەمەنی جیاواز، ئاستی خوێندنی هەمەجۆر و نیشتەجێی شار و شارۆچکە و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**٣-٢-٢-١-١ گۆڕاوی تەمەن و ڕەگەز**

گۆڕاوەکانی تەمەن و ڕەگەز دوو لە بنەڕەتیترین گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانن، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەزموون، بۆچوون و هەڵسوکەوتی تاکەکان هەیە. لەم توێژینەوەیەشدا وەک ئەوەی لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز و گروپی تەمەن بەم شێوەیە وەرگیراوە.

**خشتەی1** : یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز و گروپی تەمەن پیشان دەدات

| گروپی تەمەن | | 24-14 | 34-25 | 44-35 | 54-45 | 64-55 | 74-65 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 25 | 50 | 104 | 87 | 32 | 4 | 302 |
| | مێ | 42 | 65 | 49 | 23 | 6 | 1 | 186 |
| کۆی گشتی | | 67 | 115 | 153 | 110 | 38 | 5 | 488 |

لە خشتەی ژمارە (1)، کۆی گشتیی یەکەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە (488) کەس، بەجۆرێک ژمارەی ڕەگەزی نێر بریتیە لە (302) کەس، کە دەکاتە ڕێژەی (61,9٪) و، ڕەگەزی مێ بریتیە لە (186) کەس، کە دەکاتە ڕێژەی (38,1٪)ی کۆی گشتیی یەکەکانی توێژینەوەکە. هەر لە خشتەی (1.6) دەرکەوتووە زۆرینەی تەمەنی یەکەکان دەکەونە نێوان گرووپە تەمەنییەکانی ناوەندەوە، بەتایبەتی گروپی تەمەنی (35 تا 44) ساڵ، هەروەها نموونەکە بە شێوەیەکی بەرچاو نوێنەرایەتی گەنجان (14–24) و بەتایبەتیتر بەساڵاچووان (65 ساڵ و بەرەو سەرەوە) ناکات. کەمبوونەوەی ژمارەی بەشداربووان لە تەمەنی (55) ساڵییەوە زۆر بەرچاوە. ئەمە واتای ئەوەیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە زیاتر بۆچوون و هەڵوێستی کەسانی پێگەیشتوو و ناوەندی تەمەن نیشان دەدات، نەک تەواوی چینەکانی تەمەن لە کۆمەڵگەدا.

**٣-٢-٢-١-٢ دابەشبوونی یەکەکانی بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

باری کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنێکی دیکە بە توێژینەوەکە دەبەخشێت دەربارەی قۆناغی ژیان و ئەرک و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان، لەم توێژینەوەیەدا باری کۆمەڵایەتی یەکەکانی توێژینەوەکە لە خشتەی (2) خراوەتەڕوو.

**خشتەی2** : دابەشبوونی باری کۆمەڵایەتی یەکەکانی توێژینەوەکە پیشان دەدات

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خێزاندار | 325 | 66,6 |
| سەڵت | 155 | 31,8 |
| جیابووی کاتی | 2 | ,4 |
| تەڵاق | 6 | 1,2 |
| **کۆی گشتی** | **488** | **100** |

ئەنجامەکان لە خشتەی (2) دەریدەخەن زۆرینەی ڕەهای یەکەکان خێزاندارن، کە ژمارەیان (325) کەسە، ئەوەش دەکاتە ڕێژەی(66,6 ٪)، دوای ئەوانیش، گرووپی سەڵت بەژمارە (155) کەس بە ڕێژەی(31,8 ٪) دێت، لە بەرامبەردا، ڕێژەی ئەو یەکانەی توێژینەوەکە کە باری کۆمەڵایەتییان "جیابووی کاتی" (0,4 ٪)ە، هەروەک "تەڵاق"یش ڕێژەی (1,2٪) ە، ئەم داتایە دەریدەخات یەکەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەسانی خاوەن ژیانی هاوسەریی سەقامگیر یان ئەو کەسانەی هێشتا نەچوونەتە ناو پرۆسەکەوە پێکهاتووە.

**٣-٢-١-٣ دابەشبوونی جوگرافیی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی پارێزگا و پاشخانی کۆمەڵایەتی**

شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافیی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی پارێزگا و پاشخانی کۆمەڵایەتی (شارنشین/گوندنشین)، ڕەهەندێکی ستراتیژی و بنەڕەتییە لەم توێژینەوە زانستیدا. هاوکات؛ پۆلێنکردنی پاشخانی کۆمەڵایەتی وەک (سەنتەری شار، قەزا، یان گوند) دەروازەیەکی دیکە بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی شێوازی ژیان و، سیستمی بەهاکان لەسەر بابەتی توێژینەوەکە دەکاتەوە، خشتەی (3)دابەشبوونی جوگرافیی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی پارێزگا و پاشخانی کۆمەڵایەتی پیشان دەدات.

**خشتەی3** : دابەشبوونی جوگرافیی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی پارێزگا و پاشخانی کۆمەڵایەتی پیشان دەدات

| شوێنی نیشتەجێبون | | ژمارە | ڕێژە % | پاشخانی کۆمەڵایەتی | | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەجێبون ێنی | دهوک | 135 | 27,7 | ەلایەتی | گوند | 47 | 9,6 |
| | هەولێر | 209 | 42,8 | | ناحیە | 35 | 7,2 |
| | سلێمانی | 114 | 23,4 | | قەزا | 104 | 21,3 |
| | هەڵەبجە | 30 | 6,1 | | ئیدارەی سەربەخۆ | 27 | 5,5 |
| **کۆی گشتی** | | **488** | **100** | | سەنتەری شار | 275 | 56,4 |
| | | | | **کۆی گشتی** | | **488** | **100** |

لە خشتەی (3)دا دەرکەوتووە پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژە (42,8 ٪) یەکانی توێژینەوەکەی تۆمارکردووە کە دەکاتە(209) کەس، دوای ئەویش ژمارەی یەکەکانی توێژینەوەکە لە پارێزگاکانی دهۆک گەیشتۆتە (135)، دەکاتە ڕێژەی (27,7 ٪)، هەروەها بەدوایداندا پارێزگای سلێمانی بەژمارە (114) و، بە ڕێژەی (23,4٪) دێ. لە کۆتاییدا، پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی (6,1٪) هاتووە، کە ژمارەی یەکەکانی توێژینەوەکە گەیشتۆتە (30) و، کەمترین بەشداریی هەبووە. دابەشبوونەکە نوێنەرایەتیی سەرجەم پارێزگا سەرەکییەکان دەکات، بەرچاوکردنی پێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی. هەر لە خشتەی (3)دا پاشخانی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون یەکەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەش دەرکەوتووە زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە (275) بە ڕێژەی (56,4٪) لە دانیشتووی سەنتەری شارەکانن، دوای ئەوانیش؛ دانیشتووانی قەزاکان بە ڕێژەی (21,3٪) بە (104) یەکە دووەم گەورەترین گرووپ پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، ڕێژەی ئەو یەکانەی توێژینەوەکە کە پاشخانی گوندنشینن (9,6٪)، ناحیە (7,2٪)، ئیدارەی سەربەخۆیان (5,5٪) هەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە. ئەم ئەنجامە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی یەکەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی خاوەن پاشخانێکی شارستانین (Urban) ە. ئەم تایبەتمەندییە دیمۆگرافییە گرنگە، بۆ شیکردنەوەی دیدگا و هەڵسوکەوتی دانیشتوانی شار و دانیشتووانی ناوچە گوندنشینەکان.

**٣-٢-١-٤ دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی نەتەوە و ئاین**

پێکهاتەیی نەتەوەیی و ئایینی لایەنێکی دیکەی سەرەکی دیموگرافیای یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، خشتەی (4) وردەکاری پێکهاتەیی و نەتەوەیی و ئایینی یەکەکانی توێژینەوەکەی تێدا خراوەتەڕوو.

**خشتەی4** : دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی نەتەوە و ئاین دەخاتەڕوو

| | نەتەوەکان | ژمارە | ڕێژە % | | ئاینەکان | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەکان | کورد | 373 | 76,4 | نەکان | ئیسلام | 339 | 69,5 |
| | تورکمان | 43 | 8,8 | | مەسیحی | 41 | 8,4 |
| | عەرەب | 40 | 8,2 | | ئێزدی | 38 | 7,8 |
| | ئەرمەن | 9 | 1,8 | | کاکەیی | 28 | 5,7 |
| | کلدانی | 16 | 3,3 | | جوو | 2 | ,4 |
| | ئاشوری | 7 | 1,4 | | زەردەشتی | 17 | 3,5 |
| | **کۆی گشتی** | **488** | **100** | | سابیئەی مەندائی | 15 | 3,1 |
| | | | | | بەهایی | 8 | 1,6 |
| | | | | | **کۆی گشتی** | **488** | **100** |

شیکارییەکانی خشتەی (4.6)دەریدەخات، یەکەکان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە هەمەچەشنە، بەڵام نەتەوەی کورد بە ژمارە (373) زۆرینەی ڕەهای یەکەکان پێکدەهێنن، لە دوای پێکهاتەی سەرەکی، نەتەوەی تورکمان بە ڕێژەی (8,8٪)، عەرەب بە ڕێژەی (8,2٪) دێن، هەروەک پێکهاتەکانی دیکە وەک کلدانی (3,3٪) و، ئاشوری بەڕێژەی (1,4٪) و، ئەرمەن (1,8٪)، ڕێژەیەکی زۆر بچووکیان لە نموونەکەدا هەیە. لێرەدا دەردەکەوێ یەکەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن یەک پێکهاتەی سەرەکییەوە (کورد) نوێنەرایەتی دەکرێت کە دەکاتە ڕێژەی (76,4٪).

هەر لەهەمان خشتەدا دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئایین خراوتەڕوو. شیکارییەکە دەریدەخات نموونەکە لە ڕووی پێکهاتەی ئایینییەوە بەهەمان شێوە هەمەچەشنە، بەڵام داتاکان بە ڕوونی نیشانی دەدەن شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام بە ژمارەی (399) ئایینی زۆرینە و ڕەهای یەکەکان پێکدەهێنێت، کە دەکاتە ڕێژەی (69,5٪)، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی زیاتر لە دوو لەسەر سێی یەکەکانی توێژینەوەکە ئیسلامن، ئەوەش شتێکی سروشتی و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە. هەروەها سێ ئایینی سەرەکیی دیکە لە یەکەکانی توێژینەوەکە بریتین لە ئاینی مەسیحی بە ڕێژەی (8,4٪)، ئێزدی بە ڕێژەی (7,8٪)، هەروەها کاکەیی بە ڕێژەی (5,7٪)، ئەم سێ گرووپە پێکەوە نزیکەی (21,9٪)ی نموونەکە پێکدەهێنن و نوێنەرایەتیی دیارترین کەمینە ئایینییەکان دەکەن. ئایینەکانی دیکە وەک زەردەشتی بەڕێژەی (3,5٪)، سابیئەی مەندائیی بەڕێژەی (3,1٪)، بەهایی بەڕێژەی (1,6٪)، هەروەها جوو بە ڕێژەی تەنها (0,4٪)، بوونیان وەک گرووپی بچووکتر لەناو توێژینەوەکە پۆلێن کراون.

**٣-٢-٢-١-٥ ئاستی خوێندەواری و کار و پیشە**

خشتەی (5) وێنەیەکی گشتگیر و چڕوپڕی هەردوو گۆڕاوی دیمۆگرافیایی سەرەکی (ئاستی خوێندەواری و پیشە) پێکەوە پیشان دەدات، کە لێرەدا ڕوونی دەردەکەوێت، زۆرینەی ڕەهای یەکەکانی توێژینەوەکە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیین، بۆ نموونە هەڵگرانی بەکالۆریۆس بە تەنها ڕێژەی (46,3٪) پێکدەهێنێت، ماستەر (12,9٪)، دکتۆرا (10,7٪)"، ئەگەر ئەم سێ ئاستە پێکەوە کۆبکەینەوە، ڕێژەکە دەگاتە (69,9٪)، واتە نزیکەی سێ لەسەر چواری یەکەکانی توێژینەوەکە لە توێژی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی باڵان، بەڵام ئەوانەی ئاستەکانی خوێندن و خوێندەواریان لە خوار ئامادەیی (ناوەندی، سەرەتایی، خوێندن و نووسین)ە؛ پێکەوە تەنها ڕێژەی (4,7٪)ی یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

هەر لە خشتەی (5) کار و پیشەی یەکەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زۆر سیستماتیک و لۆژیکییانە خراوەتەڕوو و، وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ دەربارەی دابەشبوونی هێزی کار و پێگەی پیشەکان لەناو کۆمەڵگەدا، تیایدا دەرکەوتووە

دوو پیشەی سەرەکی زۆرترین ڕێژەیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە "خوێندن و بواری ئەکادیمی" واتا مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی پەروەردە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، کە پێکەوە ڕێژەی (30,5 %)یان پێکهێناوە، هەروەها بواری کارگێڕی کە " فەرمانبەران و کارمەندان" دەگرێتەوە ڕێژەی (20,3%) پێک دەهێن، ئەم دوو گروپە پێکەوە زیاتر لە نیوەی یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، کە دەکاتە ڕێژەی (50,8 %)، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی کەرتی گشتی (حکومەت) گەورەترین و سەرەکیترین خاوەنکارە لە کۆمەڵگەی کوردستانی، ئەم مۆدێلە ئابوورییە پێی دەوترێت "ئابووریی پشت بەستوو بە دەوڵەت"، کە تێیدا دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەبێتە ئامانجی سەرەکیی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتی.

**خشتەی5** : دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەیی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ئاستی خوێندەواری و پیشە خراوتەڕوو

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | (%) | کارو پیشە | ژمارە | (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- خوێندن و نووسین | 5 | 1 | 1- خوێندن و بواری ئەکادیمی | 149 | 30,5 |
| 2- سەرەتایی | 7 | 1,4 | 2- کارگێڕی و فەرمانبەری | 99 | 20,3 |
| 3- ناوەندی | 11 | 2,3 | 3- قوتابی و خوێندکار | 57 | 11,7 |
| 4- ئامادەیی | 47 | 9,6 | 4- میدیا و ڕاگەیاندن | 48 | 9,8 |
| 5- دبلۆم | 77 | 15,8 | 5- بازرگانی و کاری سەربەخۆ | 43 | 8,8 |
| 6- بەکالۆریۆس | 266 | 46,3 | 6- بێکار (ژنی ماڵەوە، خانەنشین) | 34 | 7,0 |
| 7- ماستەر | 63 | 12,9 | 7- پیشە پسپۆڕی و زانستییەکان | 31 | 6,4 |
| 8- دکتۆرا | 52 | 10,7 | 8- چالاکوانی مەدەنی، سیاسی، ئاینی | 16 | 3,3 |
| **کۆی گشتی** | **488** | **100** | 9- هێزە ئەمنی و سەربازییەکان | 7 | 1,4 |
| | | | 10- توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی | 4 | 0,8 |
| | | | **کۆی گشتی** | **488** | **100** |

هاوکات لە خشتەکەدا دەرکەوتووە؛ "قوتابیان و خوێندکاران" بەڕێژەی (11,7%) و، "میدیاکاران" بەڕێژەی (9,8%) دێن و، نوێنەرایەتیی دوو توێژی دینامیکی کۆمەڵگە دەکەن، بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لەم دوو گروپەدا نیشانەی کۆمەڵگایەکە؛ لە قۆناغی گواستنەوەدایە، خاوەنی ژمارەیەکی زۆری گەنجە و فەزایەکی کراوەی هەیە بۆ گفتوگۆی گشتی. ژمارەی زانکۆ و پەیمانگەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هاوکات؛ لە دوای ساڵی (2003)ەوە، میدیای ئەهلی و سەربەخۆ گەشەیەکی زۆری کرد، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی پیشەی میدیاکاری وەک بوارێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی.

هەر وەک ئەوەی لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو پیشەی "بازرگانی و کاری سەربەخۆ" بەڕێژەی (8,8%)، "بێکار و ژنی ماڵەوە و خانەنشینی" بەڕێژەی (7 %) و، "پیشە پسپۆڕییەکان، کە بریتین لە ئەندازیار، پزشیک، پارێزەر...هتد" بەڕێژەی (6,4%)یەکەکانی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، ئەم گروپانە بەیەکەوە بزوێنەری ئابووریی بازاڕی ئازاد پێکدەهێنن. ئەوەی جێی سەرنجە، قەبارەی کەرتی بازرگانی و کاری سەربەخۆ زۆر لە کەرتی گشتی بچووکترە. هەروەها، بوونی ڕێژەی (7٪) بێکار نیشانەی کێشەی ئابووری و نەبوونی هەلی کاری پێویستە، بەتایبەت لەنێو دەرچووانی زانکۆدا کێشەیەکی گەورەیە. لە کۆتایی لیستی خشتەکەدا، سێ گروپی زۆر بچووک دەبینین: "چالاکوانان" (3,3%)، "هێزە ئەمنییەکان" (1,4%) و "توێژەرانی کۆمەڵایەتی" (0,8%)، نزمبوونی ڕێژەی ئەم گروپانە زانیاریی زۆر گرنگمان پێدەدات، کە گەیشتن بە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بۆ مەبەستی توێژینەوەی هەمیشە کارێکی قورس بووە وەک چۆن بۆ ئەم توێژینەوەیەش هەر وابوو، لە لایەکی دیکەوە؛ پسپۆڕی وەک "توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی" بوارێکی نوێیە و هێشتا بازاڕی کار و دامەزراوەی پێویستی بۆ نییە، بۆیە ژمارەیان کەمە.

ڕێژەی بەرزی ئاستی هەڵگرانی بڕوانامەی بەتایبەت (ماستەر و دکتۆرا) ڕاستەوخۆ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ڕێژەی بەرزی مامۆستایانی زانکۆ (10٪) دابین دەکات، کە توانایەکی زیاتریان بۆ شیکاریی ڕەخنەگرانەی ناوەڕۆکی میدیایی و تێگەیشتن لە دیاردە ئاڵۆزەکانی وەک "یەکانگیریی کۆمەڵایەتی" هەیە. ئەم کەسانە نەک تەنها وەرگری سادەی پەیامە میدیاییەکان نین، بەڵکو زۆرجار وەک دروستکەری ناوەڕۆک (Content Creators) و پێشەنگی بۆچوون (Opinion Leaders)لەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەردەکەون، لەبەرئەوە؛ توێژینەوە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی لەلایەن ئەم توێژە تایبەتەوە، دەتوانێت دیدگایەکی قووڵمان دەربارەی میکانیزمەکانی کاریگەریی میدیای دیجیتاڵی لەسەر پتەوکردن یان لاوازکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی پێ ببەخشێت.


**٣-٢-٢-١-٦ بەکارهێنانی ئەپ و پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی بە پێی ڕەگەز**

شێوەی (1) دابەشبوونی ڕژەی بەکارهێنانی (13) جۆر ئەپ و پلاتفۆرمی دیجیتاڵی لەلایەن یەکەکانی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز پیشان دەدات، داتاکان لەسەر بنەمای پێوەری لایکەرتی پێنج پلەیی (هەرگیز، زۆربەکەم، هەندێجار، زۆرجار، هەمیشە) کۆکراونەتەوە. بۆ مەبەستی شیکردنەوە، کۆی ڕێژەی وەڵامەکانی "زۆرجار" و "هەمیشە" وەک پێوەرێک بۆ "بەکارهێنەری چالاک "وەرگیراوە.

لە ئەنجامی وەڵامی یەکەکاندا وەک لە شێوەی (1) خراوەتەڕوو دەرکەوت، واتسئاپ بە ڕێژەی نزیکەی (78,2%) و فەیسبووک بە ڕێژەی (62,2 %) خاوەنی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنەری چالاکن. لە دوای ئەوانیش ماسنجەر بە ڕێژەی (43,2 %) و تێلیگرام بە ڕێژەی (37,1 %) دێن، ئەم چوار پلاتفۆرمە پێکەوە تۆڕی سەرەکیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

هاوکات هەرسێ پلاتفۆرمی ئینستاگرام (28,7% )، تیکتۆک (27,6 %)، و یوتوب (27,5 %) ڕێژەی بەکارهێنانی چالاکیان زۆر لە یەکەوە نزیکە و سێگۆشەیەکی بەهێزی میدیای بینراو پێکدەهێنن. ئەوەی تێبینی کرا و لە شێوەکەدا خراوەتەڕوو ئینستاگرام و سناپچات بەڕێژەی (20 %) لەلایەن مێینەوە زیاتر لە ڕەگەزی نێر بەکاردەهێنرێن، ئەوەش ئاماژەیە بۆ پەسەندکردنی پلاتفۆرمە وێنەییەکان لەلایەن ئەو توێژەیەوە.

بەڵام ڤایبەر تەنها ڕێژەی (22,1 %) بەکارهێنەری چالاکی هەیە، ئەوە نیشانی دەدات بە بەراورد بە واتسئاپ و تێلیگرام لە پاشەکشەدایە. لەلایەکی ترەوە، پلاتفۆرمە تایبەتمەندەکان وەک ئێکس (تویتەر) بە ڕێژەی (6,9 %) و لینکدن بە (5%) کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانیان لەناو یەکەکانی ئەم توێژینەوەیەدا هەیە، ئەمەشیان نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەم دوو پلاتفۆرمە لەناو یەکەکانی توێژینەوەکەدا پەراوێزخراون، پینتەرێستیش هەرچەندە کەم بەکاردێت، بەڵام بە ڕێژەی (14,1%) لە ئێکس و لینکدن بەکارهێنەری زیاترە.





**شێوەی1:** دابەشبوونی ڕێژەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵیی بەپێی ڕەگەز پیشان دەدات

بە شێوەیەکی گشتی، جیاوازیی ڕەگەزی لە شێوازی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە پیاوان زیاتر لە پلاتفۆرمە گشتی و کلاسیکەکانی وەک فەیسبووک، واتسئاپ و تێلیگرام چالاکن، بەڵام کچان و ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو لە پلاتفۆڕمە نویێ و بینراوەکانی وەک ئینستاگرام و سناپچات چالاکترن، کە گرنگی بە وێنە، ڤیدیۆ و ستۆری دەدەن، هاوکات بەکارهێنانی تیکتۆک و یوتوب لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەیە، بەڵام بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی ئێکس (تویتەر) و لینکدن لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە زۆر کەمە، کە دەریدەخات بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی لەلایەن بەشداربووانەوە زیاتر بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی و کات بەسەربردنە نەک کاری پیشەیی یان گفتوگۆی گشتی.

**٣-٢-١-٧ ماوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی**

ماوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی وەک ئەوەی لە شێوەی (2) پیشان دراوە، وێنەیەکی ئاماریی ڕوون و بنەڕەتی بۆ توێژینەوەکە دابین دەکات، بەوەی یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی ماوەی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی پۆلێن دەکات. چارتەکە ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی بەربڵاوە، ئەمەش مەرجی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە هەر دەرەنجامێکی زانستی سەبارەت بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ یەکانگیریی کۆمەڵایەتیدا.




**شێوەی 2**: ماوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی لەلایەن یەکەکانی توێژینەوەکە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر پیشان دەدات

وەک ئەوەی لە شێوەی (2) پیشان دراوە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنەران بەڕێژەی (21,1%) ڕۆژانە " 1-2کاتژمێر"، هەروەها بەڕێژەی (22,1%) ڕۆژانە "2-3 کاتژمێر " و، بە ڕێژەی (22,3%) ڕۆژانە "3-4 کاتژمێر"، پێکەوە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، ئەم سێ پۆلێنە پێکەوە نزیکەی (65,5%)ی کۆی نموونەکە پێکدەهێنن، بەڵام ئەوانەی "کەمتر لە 1 کاتژمێر "میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، بچووکترین گرووپە و تەنها ڕێژەی (5,3%)ی یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە لەم کۆمەڵگەی کوردستاندا بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی دیاردەیەکی باو و بەربڵاوە و کەم کەس هەیە کە زۆر بە کەمی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەکار بهێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕێژەیەکی بەرچاو لە یەکەکانی توێژینەوەکە ڕۆژانە کاتێکی زۆر زۆریان بۆ ئامرازەکانی میدیای

دیجیتاڵی یەکاردەهێنن، بۆ نموونە گرووپی "5-6 کاتژمێر " بەڕێژەی (18,9%) و گرووپی "7 کاتژمێر و زیاتر " بەڕێژەی (10,2 %) ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، پێکەوە دەکاتە ڕێژەی (29,1 %) یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. واتە نزیکەی یەک لەسەر سێی بەشداربووان ڕۆژانە (5) کاتژمێر یان زیاتر کاتەکانیان بۆ میدیای دیجیتاڵی تەرخان دەکەن.

**٣-٣ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:** لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پرسیارنامە گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە، لەم توێژینەوەیەدا (پێوەر)ی توێژینەوە بووە یەکێکی دیکە لە گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ ئەوەش توێژەر لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە و مامۆستایان و پسپۆڕانی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن و شارەزایانی بواری ئامار و، بەسوود وەرگرتن لە خوێندنەوەی پێوەری توێژینەوەکانی پێشوو کە لەم توێژینەوەیە نزیکبوون، ڕەشنووسی پێوەری توێژینەوەکەی دیاریکرد، کە کۆی گشتی پرسیار و بڕگەکانی گەیشتە (156) پرسیار و بڕگە.

**١-٣-٣ ڕاستیی ڕووکەشی پێوەری توێژینەوە:**

بۆ دڵنیابوون لە دروستیی و زانستیی پێوەرەکە، توێژەر پشتی بە "ڕاستی ڕووکەشی یان ڕواڵەتی (Face Validity) " لە ڕێگەی ڕای شارەزایانەوە بەست، بۆ ئەوەش ڕەشنووسی سەرەتایی پرسیارنامەکە خرایە بەردەم دەستەیەکی (15)کەسی لە پسپۆڕ و پرۆفیسۆر و ئەکادیمیست، داوایان لێکرا سەرنجی خۆیان لەسەر پەیوەندیی پرسیار و بڕگەکان بە بابەتەکە بخەنە ڕوو و، ڕونی بکەنەوە، دوای کۆکردنەوەی تێبینییەکان و بەدەستهێنانی ڕێژەی هاوڕایی و ڕاستیی ڕووکەشی پێوەری توێژینەوەکەمان، گەیشتە زیاتر لە (94,7%)، ئەوەش ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی پێوەرەکە خاوەنی ڕاستی ڕواڵەتییەکی بەرزە و توێژەر دەتوانێت بە دڵنیاییەوە ئەم پێوەرە بەکاربهێنێت بۆ کۆکردنەوەی داتاکان.

**٤- خستەڕووی ئەنجامەکان**

**١-٤ شیکاریی پەیوەندیی پیرسۆن، بۆ پێوانەکردنی " پەیوەندی نێوان وتاری ڕق و کینە و بە پێکەوەژیان**

خشتەی (6) ئەنجامی شیکاریی پەیوەندیی پیرسۆن، بۆ پێوانەکردنی پەیوەندیی هێڵی لەنێوان گۆڕاوی بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە و گۆڕاوی باوەڕبوون بە پێکەوەژیانی تێدا خراوەتەڕوو:

**خشتەی6** : پەیوەندیی پیرسۆن لەنێوان بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە و باوەڕبوون بە پێکەوەژیان دەخاتەڕوو

| گۆڕاوەکان | پێوەری بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە | پێوەری ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان |
|---|---|---|
| **پێوەری بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە** | — | |
| **پێوەری ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان** | **.164**** | — |

لە داتاکانی خشتەی (6) دەرکەوتووە پەیوەندییەکی ئاماریی ئەرێنی (positive) و مانادار لە نێوان "پێوەری بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" و "پێوەری ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان"ی نیشان دا .($r = .164, N = 488, p < .001$) ماناداریی ئاماری لە ئاستی ($p < .001$) بەو مانایەیە کە ئەم پەیوەندییە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم هەیە و ئاراستەی پەیوەندییەکەش ئەرێنییە، واتە هەرچەندە ئاستی هەستکردن و بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە زیاد بکات، ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیانیش بە شێوەیەکی هاوتەریب کەمێک بەرز دەبێتەوە. بەپێی ستانداردەکان، بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندییەکە بریتیە لە($r = .164$) ، ئەوەش ئاماژە بە پەیوەندییەکی لاواز دەکات.

ئەم ئاراستە ئەرێنییەکەی پەیوەندییەکە ئاماژەیە بۆ دیاردەیەکی سایکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی کە پێی دەوترێت "کاریگەریی

کاردانەوە (Reactive Effect) "بە واتایەکی تر، کاتێک تاکەکان زیاتر بەر وتاری ڕق و کینە دژی پێکهاتەکان دەکەون، ئەمە وەک زەنگێکی ئاگادارکەرەوە کار دەکات و هۆشــیارییان ســەبارەت بە مەترســییەکانی لێکترازان زیاد دەکات. لە ئەنجامدا، وەک کاردانەوەیەک، زیاتر پێداگری لەســــەر بەهاکانی پێکەوەژیان، لێبوردەیی و، یەکترقبوڵکردن دەکەنەوە. ئەشێ یەکەکانی توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا بەرامبەر بە پرسی پێکەوەژیان هەستیار بن و، توانای ناسینەوە و تێبینیکردنی "وتاری ڕق و کینە"شیان زیاترە. کەواتە، پەیوەندییەکە هۆکار و ئەنجام نییە، بەڵکو ئەشێ لەبەر ڕۆشنایی کاریگەریی گۆڕاوێکی سێیەمدا بن کە "ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی"یە.

ســەرەڕای ماناداریيە ئامارییەکەی، لاوازیی پەیوەندییەکە (r = .164) خاڵێکی دیکەی ســەرەکییە ئەنجامەکەیە، چونکە بەو مانایە دێ "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم نزیکەی (2.7%)، لە گۆڕانکارییەکانی "ئاســتی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" ڕوون دەکاتەوە. ئەمەش دەیســەلمێنێت هۆکاری دیکەی زۆر بەهێزتر هەیە، وەک پەروەردە، باری ئابووری، پەیوەندییە سـیاسـییەکان و، ئەزموونی کەسـی، کاریگەریی سـەرەکییان لەسـەر بۆچوونی یەکەکان سەبارەت بە پێکەوەژیان هەیە. ئەم ئەنجامە چاوەڕواننەکراوە (r = .164) لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیی هەرێمی کوردسـتاندا، دەکرێت چەند گریمانەیەکی لۆژیکی لێ بکرێ. پەیوەندییە ئەرێنییە لاوازەکەی نێوان بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە و باوەڕبوون بە پێکەوەژیان، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مێژوویی و هاوچەرخی کۆمەڵگەی کوردســتان بێت. بەهۆی ئەو قەیرانە ســیاســی، ئەمنی و ئابوورییە بەردەوامانەی کە هەرێم پێیدا تێپەڕیوە، هاوڵاتیان زۆرجار هەســـت بە مەترســـیی "لێکترازان" و "شـــەڕی ناوخۆ" دەکەن. بۆیە کاتێک لە میدیای دیجیتاڵیدا ڕووبەڕووی وتارێکی توندی حزبی، ناوچەیی، یان دژ بە پێکهاتەیەک دەبنەوە، ئەمە وەک زەنگێکی ئاگادارکەرەوە کار دەکات و بیریان دەخاتەوە ئەلتەرناتیڤی پێکەوەژیان بریتییە لە ناســـەقامگیری و ململانێی زیاتر. بە واتایەکی دیکە، ئەم ئەنجامە نیشانەی "خۆپارێزیی کۆمەڵایەتی"ە؛ هەرچەندە هاوڵاتیان زیاتر شاهیدی وتاری دابەشکاری بن، هێندەش زیاتر بە شــێوەیەکی بەرگریکارانە باوەڕیان بە گرنگیی پێکەوەژیان وەک تاکە ڕێگەی مانەوەی ســەقامگیری پتەوتر دەبێت. ئەمە بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا ڕاستە کە تامی تاڵی ململانێ ناوخۆییەکانی چەشتووە و هۆشیارییەکی بەکۆمەڵی هەیە بەرامبەر بە ئەنجامە وێرانکەرەکانی.

**٤-٢ شیکاریی جیاوازییەکانی ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان لەسەر بنەمای گۆڕاوە جیاوازەکان**

**تاقیکردنەوەی تی (T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" بەپێی ڕادەی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکان و بەپێی ڕەگەز**

بە مەبەستی زانینی چڕی و ماوەی بەکارهێنانی هەر یەک لە پلاتفۆرمە سەرەکییەکان (فەیسبووک، ئینستاگرام، تیکتۆک، یوتیوب، و تویتەر/ئێکس) لەلایەک و بەپێی (ڕەگەز) پەیوەندییەکی ماناداریان لەگەڵ ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیاندا، پشت بە تاقیکردنەوەی تی بۆ نموونە سەربەخۆکان (Independent-Samples T-Test) بەستراوە. لە خشتەکەدا بۆ هەر پلاتفۆرمێک، بەشــداربووان پۆلێنکراون بۆ دوو گرووپی ســەرەکی: "بەکارهێنەری کەم" و "بەکارهێنەری زۆر" ئامانجی ئەم شــیکارییە ئەوەیە کە بزانین ئایا جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان ناوەندی نمرەی "پێوەری گشــتیی پێکەوەژیان"ی گروپەکان لەلایەک و بەپێی ڕەگەز بوونی هەیە، ئەنجامەکەی لە خشتەی (7) خراوەتەڕوو.

لە شـیکارییە بەراوردکارییەکانی خشـتەکەدا دەرکەوت؛ هیچ جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان گرووپەکاندا بوونی نییە، بۆ هەریەک لە پلاتفۆرمەکانی فەیســـبووک(p=.185) ، ئینســـتاگرام(p=.117) ، تیکتۆک(p=.267) ، یوتیوب (p=.416)، و تویتەر/ئێکس(p=.415) ، بەهای ماناداری (p-value) بە شــێوەیەکی بەرچاو لە ئاســتی ســتانداردی (0.05) بەرزترە. ئەمەش بە ڕوونی ئەوە دەردەخات تەنها "چڕی و ماوەی بەکارهێنان"ی پلاتفۆرمێک بە تەنیا، گۆڕاوێکی یەکلاکەرەوە نییە لەسـەر هەڵوێسـتی تاکەکان بەرامبەر بە پرسی پێکەوەژیان. کاتێک لە چوارچێوەی واقیعی هەرێمی کوردســـتاندا لێکدانەوە بۆ ئەم ئەنجامەکە دەکەین، دەردەکەوێ کاریگەریی میدیای دیجیتاڵی هێندە بەربڵاو و چڕ بووەتەوە کە چیتر جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەوانەی "زۆر" و "کەم" بەکاریدەهێنن نامێنێت؛ هەمووان بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان لەژێر کاریگەریی هەمان وتارە باوەکانی ناو فەزای دیجیتاڵیدان. پلاتفۆرمەکان لەم حاڵەتەدا

زیاتر وەک "ئاوێنەی "واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەرەوەی خۆیان کاردەکەن، نەک وەک "بزوێنەری "سەرەکیی دروستکردنی ئەو واقیعە، لەوەش گرنگتر؛ جیاوازیی سروشتی پلاتفۆرمەکان لە چڕی بەکارهێنانیان گرنگترە بۆ نموونە، پلاتفۆرمەکانی کاتبەسەربردن وەک ئینستاگرام و تیکتۆک، لە بنەڕەتدا کەمتر دەبنە سەکۆیەک بۆ ئەو جەمسەرگیرییە کۆمەڵایەتیانەی هەڕەشە لە پێکەوەژیان دەکەن، بە بەراورد بە فەیسبووک کە زیاتر شوێنی گفتوگۆی سیاسییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێکس (تویتەر) لە هەرێمی کوردستاندا پلاتفۆرمێکی "دەستەبژێر" و سنووردارە، کاریگەرییەکانیشی زیاتر لەناو هەمان بازنە بچووکەکەیدا ماوەتەوە و کەمتر کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر کۆمەڵگەی گشتی هەیە.

**خشتەی7 :** تاقیکردنەوەی تی (T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" لەنێوان بەکارهێنەرانی کەم و زۆری پلاتفۆرمەکان و بەپێی ڕەگەز دەخاتەڕوو

| جۆری پلاتفۆرم | بڕی بەکارهێنان | ژمارە (N) | ناوەند (Mean) | لادانی پێوانەیی (Std. Deviation) | ئەنجامی T-Test: |
|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبوک | بەکارهێنەری کەم | 140 | **35.09** | 3.68 | $t(488) = 1.326$ **p = .185** |
| | بەکارهێنەری زۆر | 348 | **34.57** | 4.01 | |
| ئینستاگرام | بەکارهێنەری کەم | 244 | **34.44** | 4.13 | $t(486) = -1.570$ **p = .117** |
| | بەکارهێنەری زۆر | 244 | **35.00** | 3.69 | |
| تیکتۆک | بەکارهێنەری کەم | 302 | **34.56** | 3.94 | $t(486) = -1.112$ **p = .267** |
| | بەکارهێنەری زۆر | 186 | **34.97** | 3.90 | |
| یوتیوب | بەکارهێنەری کەم | 300 | **34.60** | 3.91 | $t(486) = -0.814$ **p = .416** |
| | بەکارهێنەری زۆر | 188 | **34.90** | 3.94 | |
| تویتەر(ئێکس) | بەکارهێنەری کەم | 444 | **34.67** | 3.96 | $t(486) = -0.815$ **p = .415** |
| | بەکارهێنەری زۆر | 44 | **35.18** | 3.58 | |
| ڕەگەز | نێر | 302 | **34.52** | 3.93 | $t(486) = -1.397$ **p = .163** |
| | مێ | 186 | **35.03** | 3.90 | |
| تێبینی: هیچ کام لە جیاوازییەکان لە ڕووی ئامارییەوە مانادار نین ($p > .05$) . | | | | | |

بەشێکی دیکەی خشتەی (7)دا تایبەت بە گۆڕاوی ڕەگەز، لێرەدا هەرچەندە ناوەندی نمرەی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان لەلای ڕەگەزی مێ (M=35.03) کەمێک بەرزترە لە ناوەندی ڕەگەزی نێر(M=34.52) ، بەڵام ئەم جیاوازییە بچووکە لە ڕووی ئامارییەوە مانادار نییە .($t(486) = -1.397, p = .163$) بەهای (p) یەکسانە بە (0,163)، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاستی ستانداردی (0.05) بەرزترە، ئەمەش بەو مانایە دێت ناتوانین بڵێین جیاوازییەکی ڕاستەقینە لە هەڵوێستی ژنان و پیاواندا سەبارەت بە پرسی پێکەوەژیان لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەیە، نەبوونی جیاوازیی مانادار لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی بابەتی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی پرسێکی گشتی و نیشتمانییە و، کاریگەری لەسەر هەردوو ڕەگەز دادەنێت و، کاتێکیش پرسەکە پەیوەندی بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی گشتییەوە هەیە، ژنان و پیاوان وەک ئەندامی یەک کۆمەڵگە، تێڕوانینێکی نزیک لە یەکیان هەیە، هەرچەندە کەمێک بەرزتربوونی ناوەندی نمرەی ڕەگەزی مێ بەدی دەکرێ، ئەوەش لەگەڵ هەندێک تیۆرڤانانی کۆمەڵناسیدا یەک دەگرێتەوە، کە پێیان وایە ژنان بە گشتی زیاتر مەیلیان بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بنیاتنانی ئاشتی هەیە.

### ٣-٤ شیکاریی جیاوازیی تاکلایەنە (ANOVA) بۆ کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر باوەڕبوون بە پێکەوەژیان

**خشتەی 8 :** پوختەی ئاماری وەسفی و جیاوازییەکان بۆ "پێوەری باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | پۆلێنەکان | ژمارە (N) | ناوەند(Mean) | تێبینی/دەرەنجامی ئاماری |
|---|---|---|---|---|
| **تەمەن** | 18-24ساڵ | 67 | 34.89 | جیاوازییەکان ئامارییانە مانادار نین. |
| | 25-34ساڵ | 115 | 34.60 | |
| | 35-44ساڵ | 153 | 34.37 | |
| | 45-54ساڵ | 110 | 34.69 | |
| | 55-64ساڵ | 38 | 36.18 | |
| | +65ساڵ | 5 | 35.20 | |
| **باری کۆمەڵایەتی** | خێزاندار | 325 | 34.51 | جیاوازییەکان ئامارییانە مانادار نین. |
| | سەڵت | 155 | 35.15 | |
| **پاشخانی کۆمەڵایەتی** | **ئیدارەی سەربەخۆ** | 27 | **32.51** | **جیاوازییەکی مانادار هەیە .** دانیشتووانی ئیدارەی سەربەخۆ بە شێوەیەکی مانادار نزمترین ئاستیان هەیە. |
| | قەزا | 104 | 34.29 | |
| | سەنتەری شار | 275 | 34.93 | |
| | ناحیە | 35 | 35.14 | |
| | گوند | 47 | 35.34 | |
| **نەتەوە** | **عەرەب** | 40 | **36.55** | **جیاوازییەکی مانادار هەیە .**پێکهاتەی عەرە 'bبە شێوەیەکی مانادار بەرزترین ئاستیان هەیە بە بەراورد بە کورد و تورکمان.' |
| | کلدانی | 16 | 36.12 | |
| | ئەرمەن | 9 | 35.44 | |
| | ئاشوری | 7 | 35.14 | |
| | **کورد** | 373 | **34.51** | |
| | **تورکمان** | 43 | **34.06** | |
| **ئایین** | ئیسلام | 339 | 34.60 | جیاوازییەکان ئامارییانە مانادار نین. |
| | مەسیحی | 41 | 35.51 | |
| | ئێزدی | 38 | 35.39 | |
| | *ئاینەکانی دیکە...* | | | |
| **ئاستی خوێندەواری** | بەکالۆریۆس | 226 | 34.60 | جیاوازییەکان ئامارییانە مانادار نین. |
| | دبلۆم | 77 | 34.72 | |
| | ئامادەیی | 47 | 35.42 | |
| | ئاستەکانی دیکە... | | | |

لە میانەی شیکاریی جیاوازیی تاکلایەنە (ANOVA) بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافیی و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر "ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" وەک ئەوەی لە خستەی (8) خراوەتەڕوو، دەرکەوت زۆربەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی وەک تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئایین، ئاستی خوێندەواری، کاریگەرییەکی ئاماریی ماناداریان لەسەر هەڵوێستی تاکەکان نییە. ئەم هاوڕاییە بەرفراوانەی نێوان گرووپە جیاوازەکان ئاماژەیەکی ئەرێنییە و، ئەوە دەردەخات

باوەڕبوون بە پێکەوەژیان بەهایەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی گشتگیری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.
بەڵام، لەناو ئەم وێنە گشتییەدا، دوو گۆڕاو بە شێوەیەکی بەرچاو خۆیان جیادەکەنەوە و کاریگەریی مانادارییان هەیە، ئەوانیش پاشخانی کۆمەڵایەتی (شوێنی نیشتەجێبوون) و "نەتەوە"یە، بەجۆرێک دەرکەتووە دانیشتووانی "ئیدارە سەربەخۆکان "بە شێوەیەکی مانادار نزمترین ئاستی باوەڕبوونیان بە پێکەوەژیان هەیە، لە کاتێکدا پێکهاتەی "عەرەب" بە شێوەیەکی مانادار بەرزترین ئاستیان بە بەراورد بە پێکهاتەکانی کورد و تورکمان باوەڕییان بە پێکەوەژیان هەیە.
ئەم ئەنجامانە لە چوارچێوەی واقیعی هەرێمی کوردستاندا، بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات هێڵەکانی دابەشبوون و جیاوازیی ڕاستەقینە لەسەر هەڵوێستەکان بەرامبەر بە پێکەوەژیان، کەمتر پەیوەندییان بە تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە هەیە، بەڵکو زیاتر ڕەگ و ڕیشەیان لە جوگرافیای سیاسی و پەیوەندیی نێوان-نەتەوەییەکاندایە. نزمبوونی ئاستی پێکەوەژیان لە "ئیدارە سەربەخۆکان"دا لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ سیاسی و حزبیانە بێت کە زۆرجار هۆکاری دروستبوونی ئەم یەکە ئیداریانەن و هەستی "جیاوازی" و "خۆبەجیازانین" بەهێز دەکەن. لە بەرامبەردا، بەرزبوونی ئاستی پێکەوەژیان لەلای پێکهاتەی عەرەب، وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی، دەکرێت وەک "ستراتیژییەتی مانەوە" لێکبدرێتەوە، کە تێیدا گرووپە کەمینەکان زیاتر پێداگری لەسەر بەهاکانی یەکترقبوڵکردن دەکەن بۆ پاراستنی ماف و بوونی خۆیان. ئەم شیکارییە ئەوەش دەسەلمێنێت هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی ئایینی، تەمەن و ئاستی خوێندنەوە یەکگرتووە لەسەر گرنگیی پێکەوەژیان، بەڵام کێشە و ئاڵنگارییە سەرەکییەکان لە بواری جوگرافیای سیاسی و پەیوەندیی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکاندا خۆیان دەبیننەوە.
هەر لەو چوارچێوەیەدا و، پەیوەست بە میدیای دیجیتاڵی و ئەلگۆریتمەکانی، زیاتر وەک ئاوێنەیەکی گەورەکەرەوە کاردەکەن و، واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەرەوەی نیشان دەدەن، نەک وەک دروستکەری سەرەکیی ئەو واقیعە. شیکاریی پاشەکشە (Regression) بە ڕوونی سەلماندی کاتێک هەموو فاکتەرەکان پێکەوە لەبەرچاو دەگیرێن، کاریگەریی گۆڕاوە ڕاستەقینەکانی وەک "جوگرافیای سیاسی "شوێنی دانیشتن و ئیدارە سەربەخۆکان" و "پێگەی کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکان " (زۆرینە و کەمینە) زۆر لە کاریگەریی خودی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بەهێزترە. ئەمە بەو مانایەیە وتاری ڕق و کینە لە بنەڕەتدا لەناو ململانێ سیاسی و جوگرافییەکاندا بەرهەم دێت و ئەلگۆریتمەکان تەنها ڕۆڵی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی خێراتری ئەم وتارە دەگێڕن.
ئەم ئەنجامانەش وێنەیەکی ئاڵۆز بەڵام هیوابەخش لەسەر دۆخی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە فەزای دیجیتاڵیی هەرێمی کوردستاندا هەیە، چونکە دەرکەوت سەرەڕای "گەورەکردنی ئەلگۆریتمی" بۆ وتاری دابەشکاری، کۆمەڵگە خاوەنی میکانیزمێکی "بەرگریی ناوخۆیی"ی بەهێزە، کە لە کاردانەوەدا زیاتر دەست بە بەهاکانی پێکەوەژیانەوە دەگرێت. هەروەها دەرکەوت کە هێڵەکانی دابەشبوونی ڕاستەقینە کەمتر پەیوەندییان بە تایبەتمەندییە کەسییەکان یان خودی پلاتفۆرمەکانەوە هەیە، بەڵکو زیاتر ڕەگ و ڕیشەیان لە جوگرافیای سیاسی و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکاندا هەیە. بۆیە، چارەسەری کێشەکانی فەزای میدیایی دیجیتاڵی، پێویستە لەسەر واقیع و لە ڕێگەی بەهێزکردنی دامەزراوەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و، بنیاتنانی پردی متمانەی ڕاستەقینە لە نێوان پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکاندا کاری لەسەر بکرێت، چونکە دواجار، جیهانی ئۆنلاین تەنها دەنگدانەوەی جیهانی ئۆفلاینە".

**٤-٤ شیکاریی پاشەکشەی فرەلایەنە بۆ دیاریکردنی پێشبینیکەرەکانی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان**

بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر "ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" و، بۆ دیاریکردنی بەهێزترین پێشبینیکەرەکان لەنێو کۆمەڵێک گۆڕاوی جیاوازدا، شیکاریی پاشەکشەی فرەلایەنەی هێڵی (Multiple Linear Regression)مان ئەنجامدا. ئەم مۆدێلە ئامارییە یارمەتیدەرە لە دۆزینەوەی کاریگەریی هەر گۆڕاوێکی سەربەخۆی وەک (بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە، بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان و، تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (پێکەوەژیان)، لە کاتێکدا کاریگەریی سەرجەم گۆڕاوەکانی دیکە کۆنترۆڵ دەکات. خشتەی (9) پوختەی ئەنجامەکانی ئەم شیکارییە دەخاتەڕوو، کە تێیدا بەهای (Beta) هێزی کاریگەریی هەر گۆڕاوێک و بەهای (.Sig) ماناداریی ئاماریی ئەو کاریگەرییە نیشان دەدات.

**خشتەی9 :** پوختەی ئەنجامەکانی شیکاریی پاشەکشەی فرەلایەنەی هێڵی(Multiple Linear Regression) نیشان دەدات

| پێشبینیکەرەکان(Predictors) | Unstandardized B | Standardized Beta | t | Sig. (p-value) |
|---|---|---|---|---|
| (Constant) | 29.909 | | 14.031 | **.000** |
| **پێوەری بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە** | .157 | **.155** | 3.477 | **.001** |
| **شوێنی دانیشتن** | -1.086 | **-.238** | -5.176 | **.000** |
| تەمەن | .036 | .103 | 1.918 | .056 |
| ڕەگەز | .740 | .091 | 1.852 | .065 |
| گۆڕاوە مانادارنەکراوەکانی دیکە (پیشە، نەتەوە، ئایین، خوێندن، بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان) | - | - | - | > *.05* |
| *گۆڕاوی پاشکۆ: پێوەری ئاستی باوەڕبوون بە پێکەوەژیان* | | | | |
| *تەنها گۆڕاوە مانادارەکان (p < .05) و ئەوانەی لەسەر سنووری مانادارین (p < .10) لە خشتەکەدا بەدیار خراون.* | | | | |

خشتەی (9) دەرەنجامێکی زۆر گرنگ و ڕوونی خستۆتەڕوو. بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی هەموو گۆڕاوەکان پێکەوە، دەرکەوت تەنها دوو گۆڕاو بە شێوەیەکی ئاماریی مانادار وەک پێشبینیکەری هەڵوێستی تاکەکان دەرکەوتن: یەکەمیان "شوێنی دانیشتن " بەهێزترین کاریگەریی هەیە (Beta = -.238, p < .001) و، دووەمیان "پێوەری بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە(Beta = .155, p = .001) "، بەڵام جێگەی سەرنجێکی زۆربەی گۆڕاوەکانی دیکە، لەوانەش بەکارهێنانی سەرجەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، ئاستی خوێندەواری، پیشە، نەتەوە و، ئایین، لەم مۆدێلە گشتگیرەدا هیچ کاریگەرییەکی ئاماریی ماناداریان نەبوو.

ئەم ئەنجامە لە چوارچێوەی واقیعی هەرێمی کوردستاندا چەندین ڕەهەندی گرنگ ئاشکرا دەکات، چونکە بەهێزترین فاکتەری کاریگەر لەسەر باوەڕبوون بە پێکەوەژیان، بریتیە لە "شوێنی دانیشتن"ە. ئاراستە نەرێنییەکەی ئەم گۆڕاوە بەو مانایە دێت ژیان لە شارە گەورەکاندا پەیوەندییەکی ئەرێنیی بەهێزی لەگەڵ باوەڕبوون بە پێکەوەژیاندا هەیە. ئەمە دۆزینەوەیەکی لۆژیکی و چاوەڕوانکراوە؛ شارەکان بەهۆی سروشتی فرەچەشن بوونیانەوە، ژینگەیەک دروست دەکەن تێیدا تاکەکان بە شێوەیەکی ڕۆژانە و ناچاری کارلێک لەگەڵ "ئەوی دی"ی جیاواز لە ڕووی نەتەوە، ئایین و، شێوازی ژیانەوە دەکەن. ئەم کارلێکە بەردەوامە دەبێتە هۆی ئاساییبوونەوەی جیاوازییەکان و کەمکردنەوەی ترسی نالۆژیکی لە بەرامبەر، ئەمەش ڕاستەوخۆ بناغەی پێکەوەژیان بەهێز دەکات.

هەروەها گۆڕاوی "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" بە دووەم و بەهێزترین پێشبینیکەر هاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و ئەرێنی، ئەمە ئەو گریمانەیەی پێشووترمان زۆر بەهێزتر دەکات کە لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەی "خۆپارێزیی کۆمەڵایەتی" یان "کاردانەوەی بەرگریکارانە" بوونی هەیە. واتە، تەنانەت دوای کۆنترۆڵکردنی فاکتەرەکانی دیکەش، هێشتا بەرکەوتنی زیاتر بە وتاری توند، تاکەکان زیاتر هان دەدات بۆ پێداگری کردن لەسەر گرنگیی پێکەوەژیان وەک میکانیزمێکی پاراستنی سەقامگیری. کاتێکیش هەموو فاکتەرەکان پێکەوە لەبەرچاو دەگرین، ڕۆڵی خودی پلاتفۆرمەکان زۆر کەمڕەنگ دەبێتەوە .ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت میدیای دیجیتاڵی زیاتر ئاوێنە و زەقکەرەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و جوگرافییەیە کە لە دەرەوەی خۆی بوونی هەیە، نەک دروستکەری سەرەکیی هەڵوێستەکان. بۆیە، هەر هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە لەبری تەنها تەرکیزکردن لەسەر کۆنترۆڵکردنی میدیا، کار لەسەر فاکتەرە بنەڕەتییەکانی وەک بەهێزکردنی ژیانی شارستانی، پەرەپێدانی کەلتووری فرەیی لە ناوەندە جوگرافییە جیاوازەکان و، کەمکردنەوەی جیاکارییەکان بکات.

کاتێک ئەم ئەنجامانە لە چوارچێوەی تیۆریی کلاسیکی یەکانگیریی کۆمەڵایەتیدا لێکدەدینەوە، وێنەیەکی ئاڵۆز بەڵام واقیعی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی هەرێمی کوردستان نیشان دەدەن. بەپێی تیۆرییەکەی دۆرکهایم، گواستنەوە لە کۆمەڵگەی میکانیکییەوە بۆ ئۆرگانیکی، یەکانگیری لەسەر بنەمای "هاوشێوەیی"یەوە دەگۆڕێت بۆ یەکانگیری لەسەر بنەمای "پشتبەستن بە یەکتری"، ئەنجامەکانی ئەوە دەردەخەن هەرچەندە میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی بەرفراوان وتاری دابەشکاری لەسەر بنەمای ناسنامە "میکانیکییەکان"ی وەک (نەتەوە و ئایین) بڵاودەکاتەوە، بەڵام هاوڵاتیان لە کاردانەوەدا زیاتر دەست بە بنەماکانی یەکانگیریی "ئۆرگانیک"ەوە دەگرن. واتە، کاتێک مەترسیی گەڕانەوە بۆ ململانێی ناسنامەیی و لێکترازان دەبینن، زیاتر هەست بە گرنگیی ئەو پشتبەستنە بە یەکترییە دەکەن کە ژیانی مۆدێرن و شارستانی لەسەری بنیات نراوە. بەهێزترین پێشبینیکەری هەڵوێست بەرامبەر بە پێکەوەژیان، کە "شوێنی دانیشتن"ە (شارنشینی)، بە تەواوی پشتگیری لەم بۆچوونە دەکات؛ شارەکان ئەو فەزا جوگرافییەن تێیدا یەکانگیریی ئۆرگانیک بە کرداری بەرجەستە دەبێت، هەروەک ئەوە دەرکەوتووە هەرچەندە ئەلگۆریتمەکان هەوڵی گەڕاندنەوەمان دەدەن بۆ "ژووری دەنگدانەوە"ی میکانیکی، بەڵام پێداویستییە کردارییەکانی ژیانی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان، وا لە تاکەکان دەکات زیاتر بەها بۆ ئەو یەکانگیرییە ئۆرگانیکە دابنێن کە زامنی سەقامگیری و بەردەوامیی ژیانی بەکۆمەڵە.

خەڵک باوەڕی بە پێکەوەژیان هەیە (کە نیشانەی ئاستێکی بەرزی متمانەی ئاسۆیی یان Interpersonal Trustە لەنێوان تاکەکاندا)، سەرەڕای ئەوەی بەرکەوتنیان لەگەڵ وتاری دابەشکاریدا هەیە، بەڵام متمانەی ستوونی (متمانە بە دامەزراوەکان، پارتە سیاسییەکان و، میدیا) لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بۆیە کاتێک هاوڵاتیان متمانەیان بەو سیستمەی کە وتارەکان بەرهەم دەهێنێت نامێنێت، وەک میکانیزمێکی خۆپارێزی، زیاتر پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانی خۆیان و متمانە بە تاکەکانی دیکە ببەستن. بە واتایەکی دیکە، بێمتمانەیی بە سیاسەت و میدیا وا لە خەڵک دەکات بڵێن: "ئێمە وەک هاوڵاتی کێشەمان لەگەڵ یەکتردا نییە، کێشەکە لەو سیستمەدایە کە دەیەوێت لێکمان بترازێنێت." ئەمە ئەنجامێکی زۆر گرنگە کە نیشانی دەدات پایەی "متمانە" لە کۆمەڵگەی هەرێمدا دوولایەنەیە: لە ئاستی ئاسۆیی (نێوان خەڵک) بەهێزە، بەڵام لە ئاستی ستوونی (نێوان خەڵک و دەسەڵات) لاوازە.

یەکانگیریی کۆمەڵایەتی پێویستی بە "شوناسێکی هاوبەش (Shared Identity)" هەیە. میدیای دیجیتاڵی و ئەلگۆریتمەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر تێکشکاندنی شوناسە هاوبەشە گەورەکان وەک "هاوڵاتیبوونی هەرێم" و بەهێزکردنی شوناسە بچووک و داخراوەکان وەک "لایەنگری حزبی X " یان "دانیشتووی شاریY" دەکەن. ئەو کاردانەوە ئەرێنییەی لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، لەوانەیە جۆرێک بێت لە "بەرگریی کەلتووری" لە دژی ئەم پرۆسەیە. کاتێک تاکەکان هەست دەکەن شوناسە گەورە و هاوبەشەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە، زیاتر دەستی پێوە دەگرن و بەرگری لێدەکەن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ دابەشکاری، هێشتا ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی شوناسێکی هاوبەش و فرەچەشن لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و، میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووەتە هۆی هاندانی ئەم ئیرادەیە.

**٤-٥ گفتوگۆی ئەنجامەکان**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەلگۆریتمەکان؛ پەیوەندیی نێوان بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە لە میدیای دیجیتاڵیدا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بپێوێت، بۆ ئەوەش لەسەر پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ و چاوەڕواننەکراو. لە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکەدا، دەرکەوت پەیوەندییەکی ئاماریی لاواز بەڵام مانادار ئەرێنی لەنێوان "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" و "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان"دا هەیە. ئەم ئەنجامە پێچەوانەی گریمانە سەرەتاییەکەیە و ئاماژە بە دیاردەیەکی "کاردانەوەی بەرگریکارانە" دەکات، تێیدا بەرکەوتنی زیاتر بە وتاری دابەشکاری، وا لە هاوڵاتیان دەکات وەک میکانیزمێکی خۆپارێزی زیاتر دەست بە بەهاکانی پێکەوەژیانەوە بگرن لە ترسی لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

لە کاتی شیکردنەوەی کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکاندا، دەرکەوت زۆربەی تایبەتمەندییەکانی وەک تەمەن، ڕەگەز، ئایین، باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری هیچ جیاوازییەکی ئاماریی ماناداریان لەسەر هەڵوێستی تاکەکان دروست نەکردووە. ئەم هاوڕاییە بەرفراوانە نیشانەی ئەوەیە باوەڕبوون بە پێکەوەژیان بەهایەکی کەلتووریی گشتگیرە لە هەرێمی کوردستاندا، کە کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تایبەتمەندییە کەسییەکان. ئەم یەکگرتووییە لە هەڵوێستدا بناغەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی بۆ پێکەوەژیان نیشان دەدات.

سەرەڕای ئەو هاوڕاییە گشتییە، دوو گۆڕاوی دیمۆگرافی بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی ماناداریان هەبوو، ئەوانیش " پاشخانی کۆمەڵایەتی" (جوگرافیا) و "نەتەوە " بوون، کە دەرکەوت دانیشتووانی "ئیدارە سەربەخۆکان" نزمترین ئاستی باوەڕبوونیان بە پێکەوەژیان هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ سیاسی و ئیدارییانەیە، کە زۆرجار هۆکاری دروستبوونیانن. لە بەرامبەردا، پێکهاتەی عەرەب، وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی، بەرزترین ئاستی باوەڕبوونیان بە پێکەوەژیان هەیە، کە دەکرێت وەک "ستراتیژییەتی مانەوەی کەمینە" لێکبدرێتەوە، بەجۆرێک گرووپە کەمینەکان زیاتر پێداگری لەسەر بەهاکانی یەکترقبوڵکردن دەکەن بۆ پاراستنی مافەکانیان.

لە شیکاریی پاشەکشەی فرەلایەنە هەموو ئەم ئەنجامانەی یەکخست و سەلماندی بەهێزترین پێشبینیکەرەکان بۆ هەڵوێست بەرامبەر بە پێکەوەژیان بریتین لە "شوێنی دانیشتن "و "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە"، لە کاتێکدا کاریگەریی خودی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەم مۆدێلە گشتگیرەدا هیچ بایەخێکی ئاماریی نیە، ئەمە بەهێزەوە ئەو ئەنجامە دەردەخات کە میدیای دیجیتاڵی زیاتر ئاوێنە و گەورەکەرەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە لە دەرەوەی خۆی بوونی هەیە، نەک دروستکەری سەرەکیی هەڵوێستەکان.

کاتێک ئەم ئەنجامانە لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشوودا بەراورد دەکەین، دەبینین لەگەڵ هەندێک لە ئەنجامی توێژینەوەکان یەکدەگرنەوە و لە هەندێکی دیکەیان جیاوازن، ئەمەش تایبەتمەندیی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان دەردەخات. لە لایەکەوە، دۆزینەوەی کاریگەریی ماناداری گۆڕاوەکانی "جوگرافیای سیاسی "(پاشخانی کۆمەڵایەتی) و "پێکهاتەی نەتەوەیی "لەسەر پێکەوەژیان، بە تەواوی لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (حەکیم و ئەمیر، 2020) و (عەلی، 2023) یەکدەگرێتەوە، کە جەختیان لەسەر ڕۆڵی ململانێ سیاسی و تائیفییەکان دەکردەوە لە دروستکردنی لێکترازاندا. هەروەها، دەرکەوتنی میدیای دیجیتاڵی وەک "ئاوێنە"یەک نەک "دروستکەر"، لەگەڵ ئەو توێژینەوە نوێیانەدا هاوتایە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی پلاتفۆرمەکان سنووردارتر دەبینن و زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی هەڵبژاردنی خودی بەکارهێنەران و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، گرنگترین خاڵی جیاوازی و داهێنانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" و "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان". ئەم دەرەنجامە لەگەڵ زۆربەی توێژینەوە جیهانییەکاندا، وەک (Lewis et al., 2019) و(Schirch, 2021) ، کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی نەرێنیی وتاری ڕقیان نیشان داوە، ناکۆکە. ئەم ناکۆکییە لەوانەیە نیشانەی تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بێت، کە تێیدا "هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ" بەرامبەر بە مەترسییەکانی لێکترازان دروست بووە و، وایکردووە تاکەکان وەک کاردانەوەیەکی بەرگریکارانە زیاتر دەست بە بەهاکانی پێکەوەژیانەوە بگرن. هەروەها، نەبوونی کاریگەریی مانادار بۆ زۆربەی گۆڕاوە دیمۆگرافییە کلاسیکییەکانی وەک تەمەن و ئاستی خوێندن، جیاوازە لە هەندێک توێژینەوەی دیکە، ئەمەش دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا، فاکتەرە سیاسی و جوگرافییە گشتگیرەکان کاریگەرییەکی باڵاتریان هەیە بەسەر تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە.

هاوکات ئەم ئەنجامانە کاتێک لەگەڵ چوارچێوە تیۆرییەکاندا بەراورد دەکەین، وێنەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندمان نیشان دەدەن، بۆ نموونە لە ڕوانگەی تیۆریی یەکانگیریی کۆمەڵایەتیی دۆرکهایمەوە، ئەنجامەکان ئاماژە بە ململانێیەکی بەردەوام دەکەن لەنێوان دوو جۆر یەکانگیریدا. میدیای دیجیتاڵی و ئەلگۆریتمەکانی بە شێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر بەهێزکردنی ناسنامە داخراو و "میکانیکییەکان" وەک (نەتەوە، ئایین و ناوچەی جوگرافی) دەکەن، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر شێرازەی گشتیی کۆمەڵگە. بەڵام لە بەرامبەردا، کاردانەوەی هاوڵاتیان و گرنگیی فاکتەری

"شارنشینی" نیشانەی ئەوەیە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە کرداری بەرەو یەکانگیریی "ئۆرگانیک" هەنگاو دەنێت، کە تێیدا پشتبەستن بە یەکتری و پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ، لە ناسنامە داخراوەکان بەهێزترن.
سەبارەت بە تیۆریی "ژووری دەنگدانەوە" و "فلتەری حەبابەیی"، ئەنجامەکان هاوکات هەم پشتگیری لە بەشێک لە تیۆرییەکە دەکەن و هەم سنووردارێتییەکانیشی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا دەردەخەن. لە لایەکەوە، بوونی وتاری ڕق و کینە و ئەو کاردانەوەیەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە نیشان دراوە، دانانە بەوەی ئەم ژوور و حەبابانە بوونیان هەیە و بە شێوەیەکی چالاکانە ناوەڕۆکی دابەشکاری بەرهەم دەهێنن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەنجامی ئەرێنیی نێوان "بەرکەوتن بەم وتارە" و "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان" ئەوە دەردەخات کاریگەریی کۆتایی ئەم ژوورانە هەمیشە ئەوە نییە؛ تیۆرییەکە پێشبینی دەکات، بەڵکو لەبری ئەوەی ببێتە هۆی گۆشەگیریی زیاتر، لەم چوارچێوەیەدا بووەتە هۆی دروستبوونی "بەرگرییەکی کۆمەڵایەتی" و هۆشیارییەکی زیاتر بەرامبەر بە مەترسییەکان.
لە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو تیۆرییەکەدا، دەبینین هێزە دابەشکارەکان (کە ژووری دەنگدانەوە بەرهەمی دەهێنێت) لە بەرامبەر هێزە یەکخەرەکاندا (کە یەکانگیریی ئۆرگانیک نوێنەرایەتی دەکات) وەستاونەتەوە. خاڵی جیاوازیش لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە ، وا دیارە پێداویستییە کردارییەکانی یەکانگیریی ئۆرگانیک و ئەزموونی مێژوویی هاوبەش، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژوورە دەنگدانەوە دیجیتاڵییەکان سنووردار بکات و تەنانەت وەک هاندەرێک بۆ بەهێزکردنی زیاتری بەهاکانی پێکەوەژیان بەکاریبهێنێت.
لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی ئاڵۆزی گواستنەوەدایە، تێیدا "بەرگرییەکی کەلتووری"ی بەهێز لە بەرامبەر کاریگەرییە لێکترازێنەرەکانی جیهانگیریی دیجیتاڵیدا نیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەی ئەلگۆریتمەکان و فەزای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر زیندووکردنەوە و قووڵکردنەوەی درزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە (وەک ناوچەگەری و ململانێی نەتەوەیی) دەکەن، بەڵام وا دیارە "هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ" کە لە ئەنجامی ئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆ و هەڕەشە دەرەکییەکانەوە دروست بووە، وەک سیستمێکی بەرگریی ناوخۆیی کاردەکات. ئەم هۆشیارییە وا لە زۆرینەی هاوڵاتیان دەکات بەهایەکی بەرزتر بۆ "سەقامگیری" و "پێکەوەژیان" وەک پێشمەرجێک بۆ مانەوە دابنێن. بۆیە، کاتێک لە فەزای دیجیتاڵیدا ڕووبەڕووی وتارێکی توند دەبنەوە، لەبری ئەوەی باوەڕی پێبکەن، وەک مەترسییەک بۆ سەر ئەو سەقامگیرییە لێکی دەدەنەوە و لە کاردانەوەدا زیاتر دەست بە بەهاکانی پێکەوەژیانەوە دەگرن. ئەمە نیشانەی کۆمەڵگەیەکە کە هەرچەندە لە ڕووی سیاسییەوە دابەش بووە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی ئیرادەیەکی هاوبەشە بۆ خۆپاراستن لە لێکترازانی تەواو.

**٥- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە**

لەسەر بنەمای تەواوی ئەو شیکاری و ئەنجامانەی کە لەناو پەیپەرەکەدا خراونەتەڕوو، لێرەدا گرنگترین دەرئەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و، پێشنیازەکان دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:-

**١-٥ دەرەنجامەکان**

٥-١-١ گرنگترین و چاوەڕواننەکراوترین دەرەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە؛ پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان "بەرکەوتن بە وتاری ڕق و کینە" و "باوەڕبوون بە پێکەوەژیان"دا هەیە. ئەمە بەو مانایە دێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەرکەوتنی زیاتر بە وتاری دابەشکاری وا لە هاوڵاتیان دەکات، وەک میکانیزمێکی خۆپارێزی، زیاتر دەست بە بەهاکانی پێکەوەژیانەوە بگرن لە ترسی لێکترازانی کۆمەڵایەتی.
٥-١-٢ زۆربەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان وەک تەمەن، ڕەگەز، ئایین، باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری، کاریگەرییەکی ئاماریی ماناداریان لەسەر هەڵوێستی تاکەکان بەرامبەر بە پێکەوەژیان نییە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باوەڕبوون بە پێکەوەژیان بەهایەکی گشتگیرە لە هەرێمی کوردستاندا.
٥-١-٣ بەهێزترین و ماناردارترین فاکتەرەکان کە کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیان هەیە بریتین لە "شوێنی نیشتەجێبوون" و "نەتەوە". دانیشتووانی "ئیدارە سەربەخۆکان" نزمترین ئاستی باوەڕبوونیان هەیە، لە کاتێکدا پێکهاتەی

"عەرەب" بەرزترین ئاستیان هەیە بە بەراورد بە کورد و تورکمان. ئەمەش دەریدەخات کێشە ڕاستەقینەکان زیاتر سیاسی و جوگرافین نەک کەسی.

٥-١-٤ شیکاریی پاشەکشە سەلماندی کاتێک هەموو فاکتەرەکان پێکەوە لەبەرچاو دەگیرێن، کاریگەریی خودی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان هیچ بایەخێکی ئاماریی نامێنێت. ئەمە ئەوە دەردەخات میدیای دیجیتاڵی زیاتر ئاوێنە و گەورەکەرەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە لە دەرەوەی خۆی بوونی هەیە، نەک دروستکەری سەرەکیی هەڵوێستەکان.

**٥-٢ پێشنیازەکان**

٥-٢-١ لەبری تەنها تەرکیزکردن لەسەر داخستنی پەیج و ئەکاونتەکان، پێشنیاز دەکەین حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسی و جوگرافیانە بکەن، کە لە بنەڕەتدا دەبنە هۆی دروستبوونی وتاری ڕق و کینە.

٥-٢-٢ لەبەر ئەوەی دانیشتووانی "ئیدارە سەربەخۆکان" نزمترین ئاستی پێکەوەژیانیان هەیە، پێویستە کار لەسەر پڕۆژەی هاوبەشی کەلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی و متمانە لە نێوان ئەم ناوچانە و ناوچەکانی دیکەی هەرێمدا.

٥-٢-٣ نەبوونی کاریگەریی مانادار بۆ "ئاستی خوێندن" ئەوە دەردەخات پێویستە سیستمی پەروەردەی فەرمی بە شێوەیەکی کاریگەرتر وانەکانی پەروەردەی مەدەنی، ڕێزگرتن لە فرەیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بچەسپێنێت، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاریی چەواشەکارانەیان هەبێت.

٥-٢-٤ پێشنیاز دەکەین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران کار لەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکە ئەرێنیانە بکەن، کە بەهاکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی بەهێز دەکەن، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو وتارە نەرێنییە باوە ببنەوە کە ئەلگۆریتمەکان هانی دەدەن.

**٥-٣ ڕاسپاردەکان**

٥-٣-١ توێژەران ڕادەسپێرین بەسوودوەرگرتن لە ئامرازی چاوپێکەوتنی قووڵەوە، توێژینەوە لە هۆکاری دیاردەی "کاردانەوەی بەرگریکارانە" بکەن بۆ تێگەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی هاوڵاتیان چۆن و بۆچی بەرکەوتن بە وتاری توند وایان لێدەکات زیاتر دەست بە پێکەوەژیانەوە بگرن؟.

٥-٣-٢ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی ئەو پۆست و کۆمێنتانەی لەسەر پلاتفۆرمە جیاوازەکان بڵاودەکرێنەوە شیکار بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت کام جۆرە وتاری ڕق و کینە زۆرترین کارلێکی هەیە و لەلایەن کێوە بڵاودەکرێتەوە.

٥-٣-٣ هەمان توێژینەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق یان وڵاتانی دیکەی ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەو دەرەنجامانەی بەدەستهاتوون تایبەتن بە هەرێمی کوردستان یان دیاردەیەکی گشتگیرن.

**لیستی سەرچاوەکان** -


- حسین، توانا فریدون (2008) هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی، نامەیەکی ماستەری (بڵاونەکراوەیە) زانکۆی سلێمانی: کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان.

- حەسەن، ئیحسان محەمەد (2010) تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان (وەرگێڕانی: دیدار ئەبوزێد) هەولێر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات.

- حەکیم، مراد و ئەمیر، لەیلا (2020) کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی. ل:226-197 .

- الجوهري، محمد (2006) رواد علم الإجتماع ، القاهرة: دار المعرفة الجامعية.

- دوركايم، اميل (2015) التربية الأخلاقية (ترجمة: السيد محمد بدوي) القاهرة: المركز القومي للترجمة.

– زايد، أحمد (2005) مدخل إلى علم الاجتماع، القاهرة: دار الفكر العربي.
– سـەعيد، محەمەد كەريم (2023) ڕۆڵی کەناڵە کوردییە ئاسـمانییەکان لە هاندانی پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردسـتاندا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە. زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر: کۆلێژی ئاداب.
– صميلي، حسن بن ادريس عبده (2020) وسائل التواصل الاجتماعي وعلاقتها بكل من التماسك الأسري و جودة الحياة الأكاديمية لدى طلاب جامعة جازان، مجلة الإرشاد النفسي، العدد 64، ج 1، ص: 271–346.
– عبد الرحمن، عبد الله (2010)، إميل دوركايم ونظرية التماسك الاجتماعي، مجلة عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.
– علي، عمر جياد (2023) نشـر الأخبار الكاذبة عبر مواقع التواصـل الاجتماعي وأثرها على التماسـك المجتمعي من وجهة نظر أسـاتذة الجامعة، مجلة آداب الفراهيدي، المجلد (15) العدد (53) ص: 226–244.
– غزال، ايناس محمد فتحي غزال (2009) الإنترنت وأبعاد التماسـك الاجتماعي في الأسـرة المصـرية في ظل تحديات العولمة– دراسـة ميدانية، مصـر: جـامـعـة الـمـنـوفـيـة كـلـيـة الآداب، مـجـلـة بـحـوث كـلـيـة الآداب، الـمـجـلـد 2009، الـعـدد (77) ص. 15–64. Doi: 10.21608/SJAM.2009.138182
– فياض، حسام الدين محمود (2018)، إميل دوركايم: مؤسس علم الاجتماع الحديث، بيروت: مكتبة نحو علم اجتماع تنويري.
– لێژێ، دانیەڵ هێرڤێ و، ویلیەم، ژان–پۆل (2024) کۆمەڵناسی ئایین (وەرگێرانی: ئارام ئەمین شوانی)، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون.
- Bethlehem, J. (2010). Selection Bias in Web Surveys. International Statistical Review, 78(2), pp.161–188. https://doi.org/10.1111/j.1751-5823.2010.00112.x
- Del Vicario, M., Vivaldo, G., Bessi, A. et al. (2016). Echo chambers: Emotional contagion and group polarization on Facebook. Scientific Reports, 6(1), 37825. https://doi.org/10.1038/srep37825
- Dubois, E., & Blank, G. (2018). The echo chamber is overstated: the moderating effect of political interest and diverse media. Information, Communication & Society, 21(5), 729–745. https://doi.org/10.1080/1369118X.2018.1428656.
- Durkheim, É. (1893). The Division of Labor in Society. Translated by W. D. Halls. New York: The Free Press.
- Flaxman, S., Goel, S., & Rao, J. M. (2016). Filter bubbles, echo chambers, and online news consumption. Public Opinion Quarterly, 80(S1), 298–320. https://doi.org/10.1093/poq/nfw006
- González-Bailón, S. & Lelkes, Y. (2022) Do social media undermine social cohesion? A critical review. Social Issues and Policy Review, 17, 155–180. https://doi.org/10.1111/sipr.12091
- Jamieson, K. H., & Cappella, J. N. (2008). Echo chamber: Rush Limbaugh and the conservative media establishment. Oxford University Press. https://www.amazon.com/Echo-Chamber-Limbaugh-Conservative-Establishment/dp/0195366824.
- Kemal Ö. Power Analysis and Sample Size, When and Why? Turk Arch Otorhinolaryngol. 2020 Mar;58(1):3-4. doi: 10.5152/tao.2020.0330 Epub 2020 Mar 1. PMID: 32313887; PMCID: PMC7162597.
- Lewis, Jeffrey, Pond, Philip, Cameron, Robin, and Lewis, Belinda (2019) Social cohesion, Twitter and far-right politics in Australia: Diversity in the democratic media sphere. Sage Journals. Volume 22, Issue 5-6. Pp: 958-978. https://doi.org/10.1177/1367549419833.
- Matema, Tawanda & Kariuki, Paul(2022) The Impact of Social Media on Social Cohesion in South Afric, Journal of Economics and Behavioral Studies (2220-6140) Vol. 14, No. 2, pp. 1-12. https://doi.org/10.22610/jebs.v14i2(J).3249
- Pariser, E. (2012) The filter bubble: What the internet is hiding from you. New York: Penguin Press. https://www.amazon.com/Filter-Bubble-What-Internet-Hiding/dp/0143121235.
- Pfisterer, P.H., Busch, B., & Purkarthofer, J. (2008). Years of Community Radio in Austria An Explorative Study of Open Access , Pluralism and Social Cohesion.https://api.semanticscholar.org/CorpusID:56314132
- Schirch, L. (2021). Social Cohesion and Conflict Dynamics on Social Media. The Journal of Intelligence, Conflict, and Warfare, 4(2), 68–74.
- Stieglitz, Stefan & Ross, Björn (2022) The Impact of Social Media on Social Cohesion: A Double-Edged Sword, Media and Communication (2183–2439), Vol. 10, Issue 2, Pp: 104–107, https://doi.org/10.17645/mac.v10i2.5792
- Strömbäck, J. (2015). Future media environments, democracy and social cohesion. Digital Opportunities: Digitaliseringkommissionen, 97-122. Available from: 2024-4-27 : (SOU2015_65_engvers_webb (researchgate.net).
- Sunstein, C. R. (2007) Republic.com 2.0. Princeton: Princeton University Press. https://archive.org/details/republic.com2.0000suns
- Taha, Yaseen M., Beaujouan, J., & Rasheed, A. (2021). POLITICAL TRUST AND SOCIAL COHESION AT A TIME OF CRISIS The Impact of COVID-19 on Kurdistan Region-Iraq. Academic Journal of Nawroz University, 10(2), 86–112. https://doi.org/10.25007/ajnu.v10n2a999
- Tufekci, Z. (2018) 'YouTube, the Great Radicalizer', The New York Times, 10 March. Available at: Opinion | YouTube, the Great Radicalizer - The New York Times (Accessed: 7 August 2025).

**الإعلام الرقمي: التضخيم الخوارزمي لخطاب الكراهية وتأثيره على التماسك الاجتماعي في إقليم كوردستان**

**هيمن أمين جلال شواني**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل ،إقليم كوردستان، العراق
hemin.jalal@mhe-krg.org
**طاهر حسو زيباري**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل ،إقليم كوردستان، العراق
tahir.zebari@su.edu.krd

**الملخص**
يتناول هذا البحث إشكالية "الإعلام الرقمي: التضخيم الخوارزمي لخطاب الكراهية وتأثيره على التعايش بين المكونات والتماسك الاجتماعي "في سياق مجتمع متعدد المكونات كإقليم كوردستان. يهدف البحث إلى الكشف عن دور الخوارزميات في تعميق الاستقطاب وتهديد فرص التعايش السلمي بين مختلف المكونات.
اعتمدت الدراسة على المنهج المسحي(Survey) ، باستخدام أداة إلكترونية تضمنت فقرات لقياس كل من "التعرض لخطاب الكراهية" و"الإيمان بالتعايش". تم جمع البيانات من عينة غير احتمالية بلغ حجمها (488) مشاركاً من مستخدمي الإعلام الرقمي في مختلف مناطق الإقليم. وقد جرى تحليل البيانات بواسطة برنامج (SPSS) بالاعتماد على أساليب إحصائية مثل تحليل الارتباط والانحدار المتعدد.
كشفت النتائج عن وجود علاقة ارتباط إيجابية ضعيفة بين التعرض لخطاب الكراهية والإيمان بالتعايش، وهو ما يعكس ظاهرة "رد الفعل الدفاعي" في المجتمع. كما تبين أن متغيري "مكان الإقامة" و"القومية" يمثلان العوامل الأكثر تأثيراً، في حين لم يظهر لاستخدام المنصات الرقمية بحد ذاته أثر ذو دلالة إحصائية. وتشير هذه المعطيات إلى أن الإعلام الرقمي يعكس بدرجة أكبر الواقع السياسي والجغرافي، بدلاً من أن يكون العامل الرئيس في تشكيل المواقف. ومع ذلك، أظهرت النتائج أن الإعلام الرقمي، رغم دوره في تهديد التماسك الاجتماعي، قد يسهم عبر ردود الأفعال المجتمعية في ترسيخ قيم "التعايش"، التي تُعد حجر الأساس لاستمرار التماسك الاجتماعي.
**الكلمات المفتاحية** :الخوارزميات، خطاب الكراهية، التعايش، الإعلام الرقمي، التماسك الاجتماعي

**Digital Media: Algorithmic Amplification of Hate Speech and Its Impact on Social Cohesion in the Kurdistan Region**

**Hemin Amen Jalal Shwani**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemin.jalal@mhe-krg.org
**Tahir Haso Zebari**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tahir.zebari@su.edu.krd

**Abstract**
In providing insight into the impact of digital media on societal harmony, this research addresses the issue of Digital Media: Algorithmic Amplification of Hate Speech and Its Impact on Coexistence and Social Cohesion in the Kurdistan Region. The study aims to identify the role of algorithms in deepening polarization and threatening peaceful coexistence among different communities. Participants were recruited through non-probability sampling, comprising 488 digital media users across the region. The study employed a survey methodology, using an electronic scale with multiple items to measure “exposure to hate speech” and “belief in coexistence.” This method is useful for analyzing associations and predictive relationships, as well as for gaining a systematic understanding of factors influencing attitudes toward coexistence. Data were analyzed using statistical tools from the SPSS program, including correlation and multiple regression analysis. The most significant findings revealed a weak positive correlation between exposure to hate speech and belief in coexistence, indicating a “defensive reaction” phenomenon within society. Place of residence and ethnicity emerged as the most influential factors, while platform usage showed no statistically significant effect. These results suggest that digital media functions more as a mirror reflecting political and geographical realities than as a primary shaper of attitudes. Furthermore, although digital media can threaten social cohesion, it paradoxically strengthens the belief in “coexistence” a cornerstone of cohesion as a counter-response.
**Keywords:** Algorithms, Hate Speech, Coexistence, Digital Media, Social Cohesion.